نەوژین

ژمارە (٧) یەکشەممە ٢٠١٧/٦/١٨

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات

بەرێوەبەرە ژنەکەی ناحیەی قۆرەتو:پۆستەکەم بۆ پیاو جێناهێڵم

«ژنان هۆشیار بوونەتەوە و لەبەرانبەر پێشێلکردنی مافەکانیان سکاڵا تۆمار دەکەن»

◘ نەوژین

بەپێی بەدواداچوونی پەیامنێرانی نەوژین ، رێژەی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان و سکاڵا تۆمار کردن لەلایەن ژنانەوە لە ٦ مانگی سەرەتای ئەمساڵ دا ، بەراورد بە ٦ مانگی سەرەتای ساڵی رابردوو ڕووی لەهەڵکشان کردووە.

زۆربەی ئەو ژنانەی بۆ سکاڵا تۆمارکردن سەردانی دادگا و بەرێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیان کردووە ، سکاڵایان لەسەر هاوسەر و کەس و کاریان کردووە و تۆمەتباریان کردوون بەوەی توندوتیژیان بەرانبەر نواندوون.

ڤیان سابیر، بەرێوەبەری سەنتەری pdo لە گەرمیان، بەنەوژین ی راگەیاند «قەبوڵ نەکردنی سوکایەتی و توندوتیژی لەلایەن ژنانەوە دەرئەنجامی هۆشیاربونەوەیانە بەرانبەر مافەکانیان.»

وتیشی «پێچەوانەی سالانی رابردوو ژنان هۆشیار بوونەتەوە و ئەشکەنجەدان و سوکایەتیەکان ناشارنەوە، بەڵکو لەرێگەی سکاڵا تۆمارکردنەوە هەوڵی وەرگرتنەوەی مافەکانیان دەدەن.»

یەکێک لەو دۆسیانەی لەلایەن پەرلەمان و حکومەت و رێکخراوە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکانەوە کاری زۆر لەسەرکراوە، دۆسیەی توندوتیژیە بەرانبەر بەژنان، بەجۆرێک کەپێشتر پەرلەمان یاساکانی هەموارکردووەتەوە و سزای قورسی بۆ تاوانبارانی دۆسیەکانی ژنان داناوە.

هاوکات فریاد هیدایەت، بەرێوەبەری بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەقەزای کفری ، هۆکاری زیاد بوونی رێژەی سکاڵا تۆمارکردنی لەلایەن ژنانەوە بۆ بەرز بوونەوەی ئاستی رۆشنبیریان گێرایەوە ، بەنەوژین ی وت «سەرەرای زۆری سکاڵاکانی ژنان، بەڵام تاوانی قورسی وەکو کوشتن و سوتاندن و دەستدرێژی سێکسی بۆسەر ژنان کەمیکردووە.»

پێشتر پەنابردنی ژنان بۆ دادگا و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ سکاڵا تۆمارکردن بەعەیبە هەژمارد دەکرا، بۆیە ژنان سەرباری ئەشکەنجەدانیان، خۆیان لەپەنابردنە بەر دادگا بەدوور دەگرت ، بەڵام لەئێستادا تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن ژنانەوە لەحاڵەتەوە بووەتە دیاردەیەکی ئاسایی .

مندالان خەونی بوون بە ئەستێرەیان هەیە

4 ««

گەرمیان شەڵتەری تایبەت بە داڵدەدانی ژنانی تێدا نیە

◘ نەوژین

تا ئێستا لەگەرمیان دا شەڵتەرێکی تایبەت بە داڵدەدانی ژنان دروست نەکراوە بۆ هێشتنەوەی ئەو کچ و ژنانەی کە بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیەوە مەترسی لەژیانیان دروست دەبێت، سەرجەم ژن و کچە هەڕەشە لەسەربووەکان رەوانەی شەڵتەرەکانی سلێمانی دەکرێن.

عەقید لەمیعە محەمەد، بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەگەرمیان، بەنەوژین ی راگەیاند«لەگەرمیان دا تەنها شەڵتەرێکی ٧٢ سعاتی هەیە ، کە تێیدا ئەو ژن و کچانە بەشێوەی کاتی دەهێڵرێنەوە کە هەڕەشە لەسەر ژیانیانە.»

وتیشی«گەر لەماوەی ئەو ٧٢ سعاتەدا کێشەی ژنەکە چارەسەر بکرێت دەدرێتەوە کەس و کارەکەی ، گەر چارەسەریش نەکرا رەوانەی سلێمانی دەکرێت، بۆ هەردوو حاڵەتەکەش بریاری دادوەری دەوێت.»

سەبارەت بە هۆکاری نەکردنەوەی شەڵتەر لەگەرمیان دا، بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەگەرمیان، وتی«کردنەوەی ئەو هەموو شەڵتەرە بەپێویست نازانرێت و شەڵتەر بەپێی پێویستی دەکرێتەوە.»

ژنان ئاستەنگە کۆمەڵایەتیەکان تێکدەشکێنن

5 ««



توشبوانی نەخۆشی هیمۆفیلیا و تالاسیما بێ نەخۆشخانەن

◘ نەوژین

سەرباری هەبوونی ژمارەیەک نەخۆشی هیمۆفیلیا و تالاسیما لە گەرمیان ، بەڵام تا ئێستا نەخۆشخانەی تایبەت بەچارەسەرکردنی ئەو جۆرە نەخۆشخانە لەم ناوچەیەدا بوونی نیە و نەخۆشەکان ناچارن بەردەوام هاتووچۆی نەخۆشخانەکانی سلێمانی بکەن.

دەرون عومەر بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، بەنەوژین ی راگەیاند «لەسنوری گەرمیان دا ١٦٨ نەخۆشی تالاسیماو هیمۆفیلیا بوونیان هەیە ، کە هیچ نەخۆشخانەیەک لەگەرمیان بوونی نیە بۆ چارەسەرکردنیان.»

وتیشی:«ئاماری ژمارەی نەخۆشەکان ورد نین ، بەو پێیەی تەنها ئاماری ئەو نەخۆشانەمان لایە کە نەخۆشی موچە خۆرن ، ئەگینا ژمارەکە زیاترە.»

بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی چاودێری ی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، ئاماژەی بەوەشکرد لەساڵی ٢٠١٣ەوە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی فایلی لەهیچ نەخۆشێک وەرنەگرتووە ، بۆیە لەوکاتەوە ناوی هیچ نەخۆشێک لایان تۆمار نەکراوە.

دەرون عومەر،دەشڵێت:«سودمەندانی بەشی پاراستنی کۆمەڵایەتی ئەو بڕە پارەیە بەشی پێداویستیەکانیان ناکات و چونکە ئەوان تەنها بری (٩٠) هەزاردینار وەردەگرن.»

رونیشیکردەوە:«ئومێد دەکەین دوای تەواوبونی دوبارە پشکنینەوەی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و لابردنی موچە خۆری نایاسایی رێژەکەیان کەمبێتەوەو بری پارەکەیان زیاد بکرێت.»

قەیرانی دارایی خەونی کەنیشکان دەکوژێت

8 ««

کۆمەڵگای پیاو سیاسەت بە ژنان ڕەوانابینێت

▪ نەوژین،
زریان محمەد، جوانە جەلیل

سەرەڕای ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا بەربەستەکانی بەشداریکردنی ژنان لە کایەی سیاسییدا تا رادەیەک هەڵگیراون، بەڵام لە ناوچەی گەرمیاندا بەربەستەکان زیاترن. بەشداریکردنی ژنان لە کایەی سیاسی لە گرنگترین رەگەزەکانی دیموکراسییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی وەچەرخانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریش دەبێت.

لـــە هەرێمی کوردســـتان، هێشـــتاش بەشداریی ژنان تا رادەیەک سنورداره کە زۆر لە ژنانی چالاکی سیاسیی نیگەرانیی خۆیان لەو بارەوە دەردەبڕن.

شەیما جەمال کوێخا، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی دەســـتەی کارگێڕیی مەکۆی کەلاری بزوتنەوەی گۆڕان، ســـەبارەت بە کەمی بـــە «نەوژیـــن»ی گوت کە «بیروبـــاوەری ڕۆشـــنبیریی و ئاینیی و کۆمەڵایەتیـــی کۆمەڵگای کوردیی بە گشـــتی و ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی، ڕێگرە لە بەشداریکردنی ژنان لە کایەی سیاسیدا».

ئەو رەخنەی لە ژنانیش گرت کە ژنان خۆیان بەربەستیان دروستکردوە لە پێش خۆیان بەو پێیـــەی هەوڵنادەن خۆیان خۆیان دەربخەن یاخود بێنە پێشـــەوە بە هۆی ئەو تێگەشتنە هەڵەیەی کە لە ناخیاندا چەسپیوە، بەوەی کە سیاسەت تەنها کاری پیاوە.»

عەقڵییەتـــی پیاوســـالاریی کۆمەڵگای کوردیی وای کردوە ژنان لە سیاســـەتدا هەمیشـــە لە پەراوێـــز بمێننەوە. ئەمە بۆ گەرمیـــان راستتریشـــە، هەر وەک شەیما دەڵێ، «کە بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەی گەرمیان و باڵادەستیی پیاوان لە کۆنـــەوە، هەروەها لە غیابی دیموکراسیی و مافی مرۆڤ و هەیمەنەی عەقڵـــی عەشـــایەریی و ئاینیی و باری ئابوری خەڵکی ناوچەکەو لاوازی حیزبە سیاسییەکان، بەشداریی ژنان سنوردار بوە».

لە پاڵ ترس و کەمیی بەشـــداریکردنی ژنان لە کایەی سیاسییدا، کۆمەڵێک ژن لە کایەی سیاسییدا هەن کە توانیویانە ئەو بەربەستانە بشکێنن و جیگای خۆیان لە کایەی سیاسیی و کارگێڕیی ناوچەی گەرمیاندا بکەنەوە، ئەگەر چی هێشـــتا ئەو بەشدارییە لە ئاست بەشداریی ژنان لە دونیای پێشکەوتودا نییە.

نغـــدە مەحەمـــەد فایـــق، بەرپرســـی ئەنجومەنی ئافرەتانی دەڤەری گەرمیانی سەر بە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان هاوڕایە کـــە لە هەرێمی کوردســـتاندا بەشـــداریی ژنـــان هێشـــتا لە ئاســـت چاوەڕوانیی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکردن لە مافی ژنان نییە.

ئـــەو بە «نەوژیـــن»ی گوت: «لەگەڵ ئەوەشـــدا ئافرەتی ئێمە پێویســـتی بە متمانەی زیاتری کۆمەڵگا هەیە، بەوەی هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان ئافرەت و پیاودا لە ئەنجامدانی کاری سیاسییدا، وەک دەبینین ئەو بوارانەشی کە ئافرەت تیایدا بەشدارە سەرکەوتو بوە».

ئەمەشـــی بۆ قســـەکانی زیادکرد: «بۆ نەهێشـــتنی جیاوازییە جێندەرییەکان، پێویســـتە ڕێژەی ئافرەتـــان زیاتر بێت لەم بوارەدا بۆ ئەوەی کەیسی ئافرەتان ببێت بە کەیسێکی گشتی کۆمەڵگا».

شـــەیما جـــەلال جەخـــت لـــەوە دەکاتەوە: «کەمتەرخەمیـــی ژنـــان خۆیان وناکۆکیی نێوان ژنان خۆیان لە هەمو رویەکەوە وایکردوە کە هەمیشـــە سیاسەت بۆ ژنان قوڕس بێت.»

> ژنان دەڵێن بۆ خۆمان ماندوبکەین کاتێک راکانمان لەلایەن پیاوانەوە وەرناگیرێن

ئەو رەخنەش لـــە پیاوان دەگرێت کە تێگەیشتنێکیان لای ژنان دروستکردوە کـــە رای ژنـــان لـــە سیاســـەتدا بـــە هەنـــد وەرناگیرێـــت، هەر بۆیـــە ژنان دەڵێن: «بۆچـــی خۆمـــان ماندو بکەین کاتێـــک راکانمان [لەلایـــەن پیاوانەوە] وەرناگیرێن».

ئاریان رەئوف، مامۆستای زانکۆ سەبارەت بە بەبشـــدارینەکردنی ژنـــان لە کایەی سیاسییدا لە گەرمیان دەڵێت: «لایەنی کۆمەڵایەتیـــی و ڕۆشـــنبیریی هۆکاری سەرەکیی بەشدارینەکردنی ژنانە».

باســـی لەوەشـــکرد: «کە تۆخبونەوەی لایەنی کۆمەڵایەتیی لە ناوچەی گەرمیان لە ئێســـتا و لـــە رابردوشـــدا هۆکاری ســـەرەکیی پشـــتی بەشـــدارینەکردنی ژنانە».

ئاریـــان رەئـــوف رەخنـــە لـــە پیاوان دەگرێـــت و بە هۆکاریـــان دەزانێت بۆ بەشدار نەبونی ژنان لە کایەی سیاسیدا و دەڵێت ژنیان لە سیاســـەت تۆراندوە چونکە ئەگەر ژنێک بەشـــداری لە کاری سیاســـیدا کردبێت بە جۆرێک ناشرین کراوە لە لایەن پیاوانەوە ترسی لە دڵی ژنانی ئەم جیلەی ئێســـتا دروستکردوە کە نەوێرن بەشداری سیاسەت بکەن.

گروپەکانی فەیسبوک

ڕێگەیەکی نوێ بۆ دەست گەیشتنی کچان و ژنان بە چالاکیە ڕۆشنبیریەکان

▪ نەوژین،
شۆخان حەمەساڵەح ,سازان مستەفا

بەشێک لە کچان و ژنان لەرێگەی گروپ نێو تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکەوە بیر و ڕا دەگۆڕنەوە و چالاکی ڕۆشنبیری ئەنجام دەدەن ، ئەمەش بەرێگەیەکی گونجاو بۆ دەربازبونی کچان و ژنانی گیرۆدە بوو بەکلتوری خێڵ ، لەکۆت و بەندە عەشایەریەکان دادەنرێت.

زۆرێک لەکچان و ژنـــان لەلایەن کەس و کارەکانیانـــەوە بـــواری دەرچوون و بەشـــداری کردنیان لەکۆڕ و سیمینارردا پێنادرێت ، هەربۆیە رەنگە ئەو گروپانە جێگەی کۆڕ کۆبونەوە ڕۆشنبیریەکانیان بۆ بگرێتەوە ، گەر بۆ گفتووگۆی لاوەکی و کات بەسەربردن بەکاریان نەهێنن.

دانانی گروپ لەنێـــو تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکدا بووەتە دیاردە ، بەشێوەیەک کە هەر کۆمەڵە کچ و ژنێکی هاوڕێ یان هاوپیشە گروپێکی تایبەتیان بۆ خۆیان داناوە و لەرێگەیـــەوە ، بەردەوامی بە پەیوەندیەکانی نێوانیان دەدەن.

بەپێی وتەی ئەدمینی گروپ، ئامانجیان لەدانانـــی ئـــەو گروپ چاتانـــە لایک و کۆمێنت کردن نیە بۆ یەکتری ، بەڵکو ئەنجامدانی کار و چالاکی و گۆڕینەوەی بیروایـــە ، هـــەروەک لەرێگەشـــیانەوە ئامۆژگاری و هاوکاری یەکتری دەکەن.

هێشـــو فەتاح کـــە ئەدمینـــی یەکێک لەگروپەکانـــی نێو تـــۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکە، بەنەوژین ی وت «زیاتر لە دووساڵە گروپێکمان داناوە و ئامانجمان لەو کارە ، دروستکردنی مینبەرێکی بیر و ڕا گۆرینەوەیە بۆ ئەو کچ و ژنانەی لە ماڵەوەن و بواری دەرچوون و تێکەڵاوی کردنیان نیە.»

بەپێی وتەی خۆی ، گروپەکەی هێشـــو چوار ئەدمین و زیاتـــر لە پەنجا هەزار ئەندامی لەناوخۆ و دەرەوەی کوردستان هەیە ، بەشـــێوەیەک بەشـــداربوەکانی بەشـــدار دەبن لە بڵاوکردنەوەی پۆست و ڕێنمایی کردنی هاورێکانیان.

ئاڵا محەمەد ،کە دانیشتوی شاری کەلار و ئەندامی گروپەکەیە ، دەڵێت «یەکێک لەکارەکانیان کـــە لەرێگەی گروپەکەوە ئەنجامی دەدەن، کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاریـــە بـــۆ ماڵانی هـــەژار و کەم دەرامەت.»

ئەندامانی گروپـــەکان، هەفتانە ژیان و ئەزمونی خانمێکی ســـەرکەوتو دەخەنە بەرباس و گفتوگۆی لەبارەوە دەکەن ، بەشـــێوەیەک هەر کـــچ و ژنێک مافی وروژاندنـــی پرســـیار و وەڵامدانـــەوەی پرسیاری هاورێکانیشی هەیە.

> سودێکی زۆرم لەگروپەکان بینیوە و بەتەواوەتی لە کێشەکانی خانمان تێگەیشتوم

هێشـــو فەتـــاح ، باسیلەوەشـــکرد شـــەوانی کۆتایـــی هەفتـــە بەرنامەی راســـتەوخۆیان هەیە و ژیانی تایبەتی یەکێـــک لەئەندامانی گـــروپ دەخەنە بەربـــاس و هەوڵـــی دۆزینـــەوەی ڕێگا چـــارەش بـــۆ گرفتەکانیـــان دەدەن ، وتی: «لەبەرنامەکانماندا چەندین هاورێ راســـتەوخۆ بابەت پێشکەش دەکەن و بینەری راستەوخۆشـــمان گەیشتوەتە نزیکەی ١٨ بۆ ٢٠ هەزار کەس .»

گوڵی عەلی ، ئەندامێکی تری گروپەکەی هێشوە و لەشاری سلێمانی دادەنیشێت ، جەختی کردەوە لەوەی سودێکی زۆری لەگروپەکەی بینیـــوە و بەتەواوەتی لە کێشەکانی خانمان تێگەیشتووە .

گوڵـــی، وتی: «گروپـــەکان زۆر ســـود بەخشـــن و خەرمانـــی زانیاریەکانمان دەوڵەمەند تر دەکەن.»

لەلایـــەن سەرپەرشـــتیارانی گروپەوە جگە لـــە پێشـــکەش کردنـــی بابەتە ڕۆشنبیریەکان ، هەروەها وێنە و گرتەی ڤیدیۆیـــی گەیاندنی ئـــەو کۆمەکانەش بە ماڵە هـــەژارەکان بـــڵاو دەکرێتەوە کەلەلایەن ئەندامانی گروپەوە کۆمەکیان بۆ کۆکراوەتەوە.

هێشـــو ، زیاتر بۆ نەوژین دوا و ئەوەی خســـتەڕوو، بەهۆی قەیرانی داراییەوە بیریـــان لەوە کردووەتـــەوە کۆمەک بۆ خوێندکارانی بەشـــە ناوخۆییەکان کۆ بکەنـــەوە، وەک ئـــەو دەڵێـــت: «١٥٠ خوێندکاریـــان لەبەشـــە ناوخۆییەکانی سلێمانی ، ســـەید سادق و چەمچەماڵ بەســـەر کردوەتەوە و بەشی یەک مانگ خۆراکیان بەهەر ژورێک داوە.»

بەپێی وتەی هێشـــو ، بەرهەمێکی تری گروپەکەیان کردنـــەوەی خولی درومان بـــووە بۆ ئەو خانمانەی نەخوێندەوارن و حـــەز دەکەن ببەنە خاوەن پیشـــە ، کـــە ١٠ خانم بەشـــداربوون لەوتنەوەی وانەدا .

نۆژەنکردنـــەوەی دو خانـــو بـــۆ دوو خێزانی هەژار و کەم دەرامەت و خاوەن پێداویستی تایبەت ، لەگەڵ دابینکردنی دەرمان و خۆراک بۆ چەند کەســـێکی تـــری خـــاوەن پێداویســـتی تایبەت ، بەشـــێکی ترە لە چالاکـــی گروپەکەی هێشو.

هەروەها گروپەکەی هێشـــو بەرنامەی تایبەتی بۆ مانگـــی رەمەزان هەبووە ، کە خۆی لـــە دابینکردنی جل و بەرگی جـــەژن دا بۆ ١٠٠ منداڵـــی بێ باوک و دابینکردنی خۆراک دا بۆ ١٠٠خێزانی تر دەبینێتەوە.

شێنێ ئەندامی تری گروپەکەی هێشوە، دەڵێت «جگـــە لـــەکاری خێرخوازی و ڕۆشنبیری ، تەنانەت لەبواری چۆنیەتی خۆراک دروســـت کردنیشدا سودمان لە ئەندامانی گروپ وەرگرتووە.»

بڵاوکردنـــەوەی ریکلام بـــۆ کۆمپانیاو شـــوێنە بازرگانیـــەکان یەکێکـــە لەو سەرچاوانەی کە راگەیاندن بۆ خۆژیاندن پشتی پێدەبەستێ ، هەربۆیە بەشێک لە ئەدمینی گروپەکان کە لەبواری خێر خوازی دا کاردەکـــەن بیریان لە پەیدا کردنی ریکلام و بەدەستهێنانی پارەش لەو ڕێگەیەوە کردووەتەوە.

بەڕێوەبەرە ژنەکەی ناحیەی قۆرەتو: پۆستەکەم بۆ پیاو جێناهێڵم

■ نەوژین،
زریان محەمەد، جوانە جەلیل

تەنها ژنە بەرپرسەکەی سنوری گەرمیان ئامادەی دەستبەرداربوونی پۆستەکەیەتی ، بەو مەرجەی پۆستەکەی بە ژنێکی تر پڕ بکرێتەوە ، ئەوەش لەکاتێکدایە دەستبەرداربوون لەپۆست لەهەرێم دا بوەتە ئەستەم و بەرپرسان تا مردن لەپۆستەکانیان دا دەمێننەوە.

سروە محەمەد رەشید (٣٩ساڵ)، تاکە ژنی سنوری ئیدارەی گەرمیانە کە لەپۆستی حکومیدایە و ناوبراو ماوەی دە ساڵە بەڕێوەبەری ناحیەیە و لەزۆربەی ناحیەکانی گەرمیان دا کاریکردووە، بەڵام ئێستا بەڕێوەبەری ناحیەی قۆرەتووە.

ئەو لەقەزای کفری لەدایکبوە و ئێستا نیشتەجێ ی قەزای کەلارە ، ساڵی ٢٠٠١ کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە ، دواتر گەراوەتەوە بۆ گەرمیان و سەرەتا وەکو فەرمانبەر لەدادگا کاریکردووە.

سروە محەمەد لەماڵەکەی خۆی لەقەزای کەلار ، قسەی بۆ نێردراوانی نەوژین کرد و سەرەتا بەسەرهاتی خۆی گێرایەوە ، وتی:«ئێمە تاکو ساڵی ١٩٨٤ و شەهید بوونی باوکم لە ناوچەی شەمێران لە شارەزور ژیاوین».

کاتێک باوکی شەهید بووە، سروە ٥ ساڵ تەمەنی بووە و لەو کاتەوە رۆیشتونەتە شاری کەلار و لەوێ نیشتەجێ بوون ، بەڵام تا ساڵی ١٩٨٧ بەنهێنی ژیانیان گوزەراندووە بەو پێیەی خێزانی پێشمەرگە بوون.

سروە ، وتیشی:«تا دوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ نەمانتوانی بە ئازادی بژین، بەڵام لە دوای راپەرین ئیتر ئاشکرا بوین و توانیمان دەست بە ژیانێکی ئاسایی بکەین.»

سروە ، سێ خوشک و دوو برای هەیە و بەهۆی شەهید بوونی باوکیان ، دایکی ئەرکی بەخێوکردنی گرتونەتە ئەستۆ، کە بۆ گەورەکردن و پێگەیاندنیان چەندین جۆر کاریکردووە.

هەروەها برا گەورەکەشی سەرباری تەمەنە کەمەکەی ، بەڵام بۆ هاوکاری کردنی دایکی و پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان ، وازی لە خوێندن هێناوە و هاوکاری دایکی کردووە ، تا خوشک و براکانی بژێنێت و خوێندنیان پێ تەواو بکات.

تەنها بەرپرسە ژنەکەی گەرمیان، باسیلەوەکرد لەلایەن کەسە نزیکەکانیەوە رێگری لێکراوە تا واز لە خوێندن بهێنێت، بەو پێیەی تەنها کچی بنەماڵەکەی بووە کە روویلەدەرەوەی کەلار کردووە بۆ تەواوکردنی خوێندن.

سروە ، دەڵێت:«لەپاڵ خوێندن دا، کاری رێکخراوەیشم لە بواری ژنان دا کردووە و بەشداری سەرجەم ئەو چالاکیانەم کردوە کەتایبەت بون بە پرسی ژنان بەبێ جیاوازی سیاسی.»

جەختیشیکردەوە «یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی داکۆکیکردن لە کەسوکاری ئەنفالکراوان لە گەرمیان.»

سروە محەمەد ، ستایشی دایکی کرد و دایکی بەهۆکاری سەرەکی سەرکەوتنەکانی دانا ، بەو پێیەی بۆ تەواو کردنی خوێندن و کار و چالاکیەکانی پشتیوانی بووە.

دوای تەواو کردنی زانکۆ لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠١ ، سروە محەمەد لە دادگای بەرایی کەلار وەکو یاریدەدەری دادوەر دەست بەکار بووە، دواتر دادگای بەجێهێشتووە و رووی لەکاری حکومی کردووە.

سروە باسیلەوەکرد کاتێک لەدادگایی بەرایی کەلار دەوامی کردووە، رێکخراوەکان و بەرپرسان پێشنیاری وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری ناحیەیان بۆ کردووە ، ئەویش پێشنیارەکەی قەبوڵ کردووە .

ناوبراو ، وتی:«پێشنیاری ئەوەیان بۆ کردم وەکو ژنێک ببم بە بەڕێوەبەری ناحیەی رزگاری ، کە گەورەترین ناحیە بوو ، ئەگەر چی سەرەتا ئەمە بۆ من سەخت بوو ، بەو پێیەی ئەزمونم نەبوو لەو بوارەدا ، بەڵام بە هاوکاری خێزانەکەم و کەسانی دەوروبەرم توانیم سەر کەوتوو بم.»

بەڕێوەبەرە ژنەکەی ناحیەی مەیدان، درێژەی بەگێرانەوەکەیداو ئاماژەی بەوەکرد پێشتر پۆستی بەڕێوەبەری ناحیە بە پیشەیەکی پیاوانە ناسراوە ، بۆیە سەرەتا لەلایەن هاورێ نزیکەکانیەوە تانەی ئەوەی لێدراوە کە پۆستەکەی بۆ بەڕێوەنابرێت ، وەکخۆی دەڵێت «بەڵام سەرسەختی خۆم وایلێکردم کە تیایدا سەرکەوتوو بم و بۆماوەی (١٢) ساڵە مودیر ناحیەم .»

خێزان و کەس و کارەکەی سروە لەرووی ئینتیمای سیاسیەوە لە حیزبی شیوعیەوە نزیکن و باوکیشی شەهیدی ئەو حیزبەیە ، بەڵام وەکخۆی دەڵێت لەلایەن یەکێتیەوە پێشنیاری وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری ناحیەی بۆ کراوە.

سروە محەمەد لەپاڵ بەڕێوەبردنی پۆستەکەی و رایکردنی ئیش و کاری دانیشتوانی سنوری ناحیەی قۆرەتو ، بەشێکی تری کاتەکانی بۆ بەخێو کردنی سێ منداڵەکەی تەرخان دەکات.

لەوەڵامی پرسیارێکی نەوژین دا ، سەبارەت بەوەی دەستبەرداری پۆستەکەی دەبێت،ناوبراو وتی«چەندین جار جەختم کردۆتەوە ئامادەم دەستبەرداری پۆستەکەم بم ،بەمەرجێک بۆ ژنێک بێت نەک بۆ پیاوێک».

بەناز، ئەو کچە خاوەن پێداویستیە تایبەتەی دەیەوێت بەها بۆ کاری دەستی بگێڕێتەوە

■ نەوژین، ژینۆ عەلی

بەناز لەتەنیشت کارەکانیەوە وەستابو کە بەدەست نەخشاندبووی ، بەدەم پێکەنینەوە پێشوازی لەو کەسانە دەکرد کە بۆ بینینی کارەکانی سەردانی پێشانگاکەیان دەکرد، جاروباریش نهێنی کارە دەستیەکانی بۆ سەردانیکارانی پێشانگاکە روندەکردەوە.

بەناز ئەحمەد (٣٠ ساڵ)، کچێکی خاوەن پێداویستی تایبەتە و تەنها خەونی برەودانە بەکارە هونەریەکانی، زۆرجار سەردانی ئەو پێشانگاو کۆڕ و کۆبونەوانە دەکات کەپەیوەندیدارن بەکاری هونەری یەوە .

ئەو کچە خاوەن پێداویستیە تایبەتە، بەدەم پێکەنینەوە پێشوازی لەو فێرخوازانە دەکرد کە بۆ فێربوونی کاری دەستی سەردانیان دەکرد ، تاکە ئامانجیشی راهێنانی فێرخوازان بوو لەسەر کاری دەستی .

بەنازی بەهرەمەند ، بە نەوژین ی راگەیاند:«من خاوەن پێداویستی تایبەتم و هەردوو قاچم تەواو نین ، بەڵام توانیومە ئەو بەهرەی تێمدایە برەوی پێبدەم.»

بەناز کە خۆشەویستیەکەی بۆ هونەر و بەهرەکەی لە ئاستێکدایە ، کەم پێشانگا هەیە سەردانی نەکات ، دەڵێت «لە ساڵی ٢٠١٥ ەوە فێری کاری چنین و کاری دەستی بووم ، بێ بەرانبەریش خول بۆ منداڵان دەکەمەوە .»

پشتیوانی کردنی لەلایەن خێزان و کەس و کاریەوە ، هێندەی تر گەرم و گوڕی بە بەناز بەخشیوە بۆ بەردەوام بوون و برەو دان بەکارەکانی .

بەناز وتی:«گەر خێزان و کەس و کارم یارمەتیدەرم نەبن ، قورسە بۆ کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت بەردەوام بێت لەسەر کارەکەی.»

بەناز کەدانیشتوی شاری کەلارەو تائێستا نەچووەتە ژیانی هاوسەرگیریەوە، ماوەی سێ ساڵیشە پۆلی دوانزەی ئامادەیی تەواو کردووە، بەڵام بەهۆی کەمی نمرەوە لەهیچ زانکۆ و پەیمانگایەک وەرنەگیراوە .

بەناز، کە زیاتر سەرقاڵی کاری دەستی یە ، تائێستا سێ پێشانگای بۆ کارە دەستیەکانی کردووەتەوە ، کە دوو پێشانگایان لەکەلار و پێشانگاکەی تریان لەخانەقین بووە.

ئەو کچە خاوەن پێداویستیە تایبەتە ، دڵخۆشە بەوەی پێشوازیەکی گەرم لەلایەن هونەر دۆستانەوە لەکارەکانی کراوە ، هەروەک دڵخۆشە بەهاوکاری کردنی لەلایەن رێکخراوەکانی ژنان و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

بەناز، وتی:«کاتێک پێشانگا دەکەینەوە رێکخراو هەیە بە دابینکردنی شوێنی پێشانگاکە هاوکاریمان دەکات ، بەڵام ئەرکی دابینکردنی پێداویستیەکانی تر لەئەستۆی خۆمانە.»

گەورەترین گرفتی بەناز دابینکردنی پێداویستیە هونەریەکانیەت ، بەتایبەت کە پێداویستیەکان بەنرخێکی گران دەکرێت و کارە دەستیەکانیشی بەنرخێکی هەرزان دەفرۆشێت.

بەناز درێژەی بە قسەکانی داو ئەوەی بۆ نەوژین روونکردەوە، لەلایەن چەند شوێنێکەوە داوایان لێکردووە کاریان بۆ بکات ، بەڵام داواکاریەکانی رەتکردوونەتەوە ، چونکە وەک ئەو دەڵێت:«ئامانجی ئەوان تایبەتی بووە و ویستویانە کارەکانی بکەن بەموڵکی خۆیان.»

> «پێداویستیەکانم بەنرخێکی گران دەکڕم و کارە دەستیەکانیم بەنرخێکی هەرزان دەفرۆشم»

منداڵان خەونی بوون بە ئەستێرەیان هەیە

فێرگەیەکی وەرزشی تۆپی پێ بۆ منداڵانی کەلار دەکرێتەوە

■ **نەوژین، ئەحمەد حەمید**

ژمارەیەک وەرزشکاری منداڵی گەرمیان کە خەونی بوون بە ئەستێرەی تۆپی پێیان هەیە ، لە فێرگەیەکی تۆپی پێ دا لەکەلار کە ماوەی ساڵێکە کراوەتەوە، مەشق و راهێنان ئەنجام دەدەن .

فێرگەی تۆپی پێی کەلار ، لەئێستادا نزیکەی ٩٠ منداڵی فێرخواز تێیدا راهێنان ئەنجام دەدەن و دەیانەوێت برەو بەتوانا وەرزشیەکانیان بدەن ، تا لە داهاتودا وەکو یاریچی بەناوبانگ دەربکەون.

هۆشیار حەسەن ، سەرپەرشتیار و دامەزرێنەری فێرگەی تۆپی پێی کەلار ، رونیکردەوە کە دەیانەوێت لەرێگەی فێرگەکەیەوە منداڵان بەشێوازێکی ئەکادیمی و تەندروست فێری وەرزش بکەن ، تا لەداهاتودا بتوانن پەرە بەتوانا وەرزشیەکانیان بدەن.

هۆشیار، ئەوەشی بەنەوژین وت:«بیرۆکەی دامەزراندنی فێرگە وەرزشیەکە بیرۆکەی خۆی بووە ، دەیەوێت لە رێگەی فێرگەکەوە وەرزشکاری بەتوانا پێبگەیەنێت.»

سەرپەرشتیار و دامەزرێنەری فێرگەی تۆپی پێی کەلار ، سوپاسی یانەی شێروانە و وەرزش و لاوانی کەلاری کرد بەوەی پشتیوانی و هاوکاری بوون لە کردنەوەی فێرگەکەدا .

کردنەوەی فێرگەی تۆپی پێی کەلار بۆ پێگەیاندنی وەرزشکاری بەتوانا، کە یەکەمجارە فێرگەیەکی لەو شێوە لەگەرمیان دا بکرێتەوە، لەکاتێکدایە زۆربەی یانە وەرزشیە بەناوبانگەکانی جیهان فێرگەی وەرزشیان هەیە ، هەر لە منداڵیەوە یاریزانی تۆپی پێ رادەهێنن و پەروەردە دەکەن .

هەرچەندە لەجیهان دا فێرگەی وەرزشی رەهەندێکی وەرزشیانەی هەیە و ئامانج لێی پێگەیاندنی وەرزشکاری بەتوانایە ، بەڵام لەپاڵ ئەوەش دا هەندێک لەیانەکان بۆ مەبەستی بازرگانی و فرۆشتن ، وەرزشکار پێدەگەیەنن.

فێرگەی تۆپی پێی کەلار مۆڵەتی کارکردنی لەحکومەت وەرگرتووە ، تێیدا وەرزشکاران جگە لە وانە وەرزشیەکان و راهێنانیان لەبواری وەرزش دا ، هاوکات فێری چۆنیەتی مامەڵە کردن و رەوشتی وەرزشیانەش دەکرێن.

ئالان جەلال ، یەکێکە لەو منداڵانەی لە فێرگە ورزشیەکەدا سەرقاڵی وەرزش کردنە، دەڵێت:«مامۆستاکانمان لەپاڵ وەرزش کردن دا ، هانمان دەدەن بۆ ئەوەی بخوێنین و گرنگی بە خوێندنیش بدەین.»

ئالان ، خەونی ئەوەی هەیە ببێتە وەرزشکارێکی بەتواناو هەرئەوەش پاڵنەریەتی تا رۆژانە بەدڵ گەرمیەوە هاتوچۆی فێرگەکە بکات، دەشڵێت:«حەزم لە تۆپی پێ یە و دەمەوێت ببمە یاریزانێکی ناسراو .»

فێرگەی وەرزشی کەلار لەلایەن دوو مامۆستای خۆبەخشی وەرزشکارەوە بەرێوەدەبرێت ، ئامادەیی ئەوەشیان تێدایە سود لەتوانای مامۆستای تر وەربگرن بۆ پێشخستنی فێرگەکەیان .

ئەحمەد عومەر ، یەکێکی ترە لە منداڵە وەرزشکارەکان ، وتی:«لە فێرگەکەدا هاورێی زۆرم هەیە ، هەموومان پێکەوە یاری دەکەین و مامۆستاکانمان راهێنانمان پێ ئەنجام دەدەن.»

ژمارەیەکی زۆر یاریزان لە تیپەمیلی و یانەکانی کەلار دەرکەوتوون و سەرەتای دەرکەوتنیان لەرێگەی یانە و تیپەمیلییەکانەوە بووە ، ئێستا ئەو یاریزانانە بۆ یانەکانی تری کوردستان و عێراق بەگرێبەست یاری دەکەن ، بەڵام هیچکام لەو یاریزانانە دەرچوی فێرگەی وەرزشی ئەکادیمی نەبوون .

هێمن خەلیل ، مامۆستای خۆبەخشی فێرگەی وەرزشی کەلار ، بەنەوژین ی وت:«ئێمە لەڕووی مادی و مەعنەویشەوە پێویستمان بەهاوکاری یە.»

وتیشی:«فێرگەکە رۆژ لەدوای رۆژ لە فراوان بووندایە ، گەر پشتیوانمان هەبێت دەتوانین بەشێوەیەکی باشتر نەوەی ئایندە پێبگەیەنین.»

گەرمیان یانەی وەرزشی تایبەت بەکچانی تێدا نیە

کچە وەرزشکارەکان پێیانوایە یانەی کچان خەونێکە و نایەتە دی

■ **نەوژین،**
شۆخان حەمەساڵەح-سازان مستەفا

لەکاتێکدا ژمارەیەک وەرزشکاری بەتوانای کچ بوونیان هەیە ، بەڵام تا ئێستا لەگەرمیان دا یانەیەکی وەرزشی تایبەت بە کچان دانەمەزرێنراوە ، کە دامەزراندنی ئەو یانەیە خەونی کچە وەرزشکارەکانی گەرمیانە .

نەبوونی یانەی وەرزشی تایبەت بەکچان لەگەرمیان ، لەکاتێکدایە لە ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی یانەی تایبەت بە کچان هەن و ساڵانە بەشداری پێشبرکێ وەرزشیەکان دەکەن ، هەندێکجار ئەنجامیش بەدەست دەهێنن.

ئەگەرچی هۆکاری نەبوونی یانەی وەرزشی تایبەت بەکچان بۆ گرفتی ئابوری و دارایی دەگێردرێتەوە ، بەڵام بەشێکی تری کێشەکە پەیوەندی بە بایەخ نەدانی ئەم دەڤەرەوە هەیە بە بواری وەرزشی کچان، بەشێکی تری پەیوەندی بە کلتوری ناوچەکە و کەمی وەرزشکاری کچ بەراورد بەوەرزشکاری پیاوان هەیە.

چنور مەحمود ، کچە وەرزشکاری یانەی شێروانە ، کە ماوەی ١٣ ساڵە سەرقاڵی وەرزش کردنە و لەزۆربەی چالاکیە وەرزشیەکان دا بەشداربووە و چەندین میدالیای بەدەستهێناوە، نیگەرانە لەوەی ماوەی سێ ساڵە هیچ چالاکیەکیان ئەنجام نەداوە و خزمەتگوزاری وەرزشی پێویستیش بۆ کچانی وەرزشکار دابین ناکرێت.

چنور کەدوا بەشداری لە پێشبرکێی وەرزشی دا ، بەشداری کردن بووە لەپێشبرکێ وەرزشیەکەی کەرکوکدا، کە پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە، دەڵێت:«خەونی من و هەموو کچە وەرزشکارێکی گەرمیانی دامەزراندنی یانەیەکی تایبەت بەکچانە.»

بەبروای چنور ، دامەزراندنی یانەی تایبەت بەکچان کاری زۆر پێویستە و خەونێکە بەئاسانی نایەتەدی ، بەو پێیەی دامەزراندنی یانەی لەو شێوە، پێویستی بە دروستکردنی ژێرخانێکی وەرزشی پێشوەخت هەیە بەچاودێری کەسانی پسپۆر.

نەبونی یانەیەکی وەرزشی تایبەت کچان لەگەرمیان ، لەکاتێکدایە گەرمیان بەخانەقینەوە چوار یانەی وەرزشی و دەیان تیپلی میللی تێدایە .

تەڵعەت سەعدوڵا ، بەرێوەبەری وەرزش و لاوانی گەرمیان ، بەنەوژین ی وت:«هەموو یانەکانی گەرمیان، یانەی تایبەت بەکچانیان هەیە ، بەڵام تا ئێستا کەس بیرۆکەی دامەزراندنی یانەیەکی تایبەت بەکچانی پێشکەش نەکردووە .»

بەرێوەبەری وەرزش و لاوانی گەرمیان، ئاماژەی بەوەشکرد دروستکردنی یانەی تایبەت بەکچان ئاسان نیە ، بەو پێیەی گەر کەسێک بیەوێت ئەو کارە بکات، دەبێت خاوەنی یاریگای وەرزشی و ژێر خانی وەرزشی بێت لەڕووی یاریگا ، هۆڵ ، مەلەوانگە و پێداویستیەکانی ترەوە .

لەبەرانبەردا چنور مەحمودی کچە وەرزشکار ، پێیوایە گەرمیان کچە وەرزشکاری بەتوانا و مامۆستای وەرزشی باشیشی تێدایە ،بەڵام لایەنێکیان پێویستە ببێتە چەترێک بۆیان و کۆیان بکاتەوە و یانەیەکی باشیان لێ پێکبهێنێت.

> خەونی من و هەموو کچە وەرزشکارێکی گەرمیانی دامەزراندنی یانەیەکی تایبەت بەکچانە

چنور، وتیشی:«ئێمەش پێمانخۆشە یانەیەکمان هەبێت و وەکو کچانی هەولێر و سلێمانی بەشداری بتولات بکەین.»

هاوکات بەرێوەبەری وەرزش و لاوانی گەرمیان ، لاری نیە لەوەی گەرمیان کچە وەرزشکاری بەتوانای لەبوارەکانی (گۆرەپان و مەیدان ، بالە ، باسکە) تێدایە و لە پێشبرکێ ی سەر ئاستی عێراق و کوردستان بەشداریان کردووە .

تەڵعەت وتی:«ساڵی پار کچانی یانەی شێروانە لەسەر ئاستی عێراق پلەی سێیەمیان بەدەستهێنا، کە لەشاری کەرکوک ئەنجامدرا .»

لەحاڵەتی کردنەوەی یانەی تایبەت بەکچان دا لەگەرمیان ، پێدەچێت دەیان کچە وەرزشکاری تر ئامادەیی پەیوەندی تریان بەو یانەیە تێدا بێت، لەئێستادا رەنگە ئامادە نەبن لەریزی یانەکانی تردا کاربکەن.

مەحمود شێخ سیروان سەرۆکی یانەی ناحیەی رزگاری ، ئامادەیی یانەکەی بۆ پشتیوانی کردنی بیرۆکەی دامەزراندنی یانەیەکی تایبەت بەکچان نیشاندا ، بەنەوژین ی وت:«لەراستیدا ئێمە بەرنامەی کردنەوەی یانەی لەو شێوەمان هەبووە و قسەمان لەبارەوە کردووە، بەڵام قەیرانی دارایی رێگربووە لەبەردەممماندا .»

سەرۆکی یانەی رزگاری، جەختکردنەوەی لەسەر بەرزی ئاستی وەرزشی کچانی گەرمیان ، بەڵام پێیوایە جگە لەقەیرانی دارایی ، نەهاتنە پێشەوەی کچانیش بۆ بواری وەرزش و دوور گرتنیان ، بەشێکی تری هۆکاری نەکردنەوەی یانەی تایبەت بەکچانە .

لای خۆشیەوە ئەرکان محەمەد رەشید سەرۆکی یانەی وەرزشی شێروانە ، دەڵێت»نەبوونی یانەیەکی تایبەت بەکچان هۆکارەکەی گرفتی مادی و کۆمەڵایەتیە .»

بەرپرسەکەی یانەی وەرزشی شێروانە، روونیکردەوە ئەرکی یانەی تایبەت بەکچان قورسە ، ئەگەرچی وەرزشکاری بەتوانای کچ ی زۆر هەیە ، چونکە کات و پێداویستی و کەسی شارەزای زۆر دەوێت، وتیشی:«لەکوردستان دا کچە یاریزانی بواری تۆپی پێ و بالە و هەندێکی تر لەیاریە جیاوازەکان زۆر کەمە .»

ئەرکان حەمەرەشید ، پشتگیری یانەکەی بۆ کردنەوەی یانەیەکی تایبەت بەکچان دەربری ، هەرچەندە پێیوایە کچە وەرزشکاری بوارەکانی وەرزش کەمە، وتیشی:«کچان زۆرتر بەشداری گۆرەپان و مەیدانیان دەکرد ، کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئەو جۆرە چالاکیانە راگیراون.»

باخان جەباریش کەیاریزانێکی دێرینی یانەی شێروانەیە ، هۆکاری خۆبەدوورگرتنی بەشێک لەکچان لە وەرزش کردن بۆ تانە و تەشەری کۆمەڵگا دەگێرێتەوە ، چونکە وەکئەو دەڵێت:«بۆچوونی کۆمەڵگا وابووە کە کچ و وەرزش پێکەوە ناگونجێن.»

باخان ، وتی:«کلتوری عەشایەری رۆڵی هەبووە لە شاردنەوەی توانا و بەهرەکانی کچان و ژنانی گەرمیان.»

ژنان ئاستەنگە کۆمەڵایەتیەکان تێکدەشکێنن

دەیان ژن و کچ لە بازارەکان دا ئەو کارانە دەکەن کە پێشتر بە کاری «پیاوانە» ناسراوبوون

▪ نەوژین،
زریان محەمەد_ جوانە جەلیل

ژنان بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیان ڕوو لە بازار و فەرمانگە حکومیەکان دەکەن و شانبەشانی پیاوان کاردەکەن ، بەمەش ئەو کلتورەیان تێکشکاندووە کە پێشتر ڕێگەی کارکردنی لەدەرەوەی ماڵان لێگرتبوون.

لەرابردوودا کلتوری کۆمەڵایەتی و خێڵەکی ڕێگربووە لەبەردەم دەرچوونی ژنان لە ماڵەکانیان بۆ کارکردن ، هەر ژنێکیش نەچووبایەتە ژێر باری ئەو کلتورەوە دەکەوتە بەر تانە و تەشەری کۆمەڵگاو بەچاوێکی نزمەوە سەیردەکرا.

لە ئێستادا کارکردنی ژنان خەریکە ئاسایی دەبێتەوە و ژمارەیەکی زۆر لەکچان و ژنان ، لە فەرمانگە و بازار و شوێنە گشتیەکان دا کاردەکەن ، بەراورد بەرابردووش چاویان کەمتر لەسەرە.

شەمسە عەبدوڵا (٤٧ ساڵ) ، ماوەی سیانزە ساڵە لەیەکێک لەفەرمانگە حکومیەکان فەرمانبەر ە ، نایشارێتەوە کە پێداویستیەکانی ژیان پاڵی پێوە ناوە تا لەدەرەوە کاربکات.

شەمسە ، کە زۆر بە ئیشەکەی ئاسودەیە ،بەنەوژین ی وت:«ڕۆژانە ٧ کاتژمێر لەدەرەوە کار دەکەم و زۆر ماندوو دەبم ، لەگەڵ ئەوەشدا ئیشی ماڵەوەشم لەسەرە ، بەڵام هێشتا زۆر ئاسودەم .»

کارکردنی ژنان لەفەرمانگە حکومیەکان دا تازە نیە ، ئەوەی تازەیە بەدەستهێنانی ئازادی زیاترە لەلایەن ژنانەوە کە بۆ کارکردن ڕوو لەبازار و شوێنە گشتیەکان دەکەن.

بازارەکانی گەرمیان لەئێستادا ژمارەیەک ژنیان تێدایە ، کە کاری شۆفێری و فرۆشیاری و دوکانداری دەکەن ، لەکاتێکدا پێشتر ئەو کارانە بۆ ژنان لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە گونجاو نەبوون.

بانە ئەحمەد (٢٨ ساڵ) ، کە کارمەندی سەنتەریکی تەندروستیە لە گەرمیان ، وەکخۆی ئاماژەی بۆکرد لەڕووی مادیەوە گرفتی نیە ، بەڵکو حەزی بۆ کارەکەی هەیە .

بانە ، وتی:«لەگەڵ ئاسودە بوون بە کارەکەم ، هەستەکەم کارەکەم بووەتە هۆی ئیهمال کردنی هاوسەرەکەم .»

بانە ، هۆکاری بەردەوام بوونی لەسەر کارەکەی بۆ ئەوەدەگێرێتەوە کە لەگەڵ خانەوادەی هاوسەرەکەیدا لەیەک ماڵ دا دەژین ، وتی:«گەر ڕۆژێک جیابومەوە و چوومە نێو ماڵی خۆم ، واز لە کارەکەم دێنم و کاتەکانم بۆ ماڵ و هاوسەرەکەم تەرخان دەکەم.»

بەرز بوونەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگاو گۆرانی پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەکان و لاواز بوونی عەقڵی خێڵ ، ئازادی زیاتریان بەژنان بەخشی بۆ دەرچوون لەماڵ و تێکەڵ بوونی زیاتریان بە کۆمەڵگا.

سەرباری شکاندنی بەربەستەکان لەلایەن ژنانەوە ، بەڵام هێشتا بەشێک لەو ژنانەی لەدەرەوە کاردەکەن ، بێ گرفت نین و نەیانتوانیوە وەکو پێویست هاوسەنگی لەنێوان ئەرکەکانی ماڵەوە و دەرەوەیان دا رابگرن.

سەرەرای ئەوەی زۆرێک لە ژنان ئەو بەربەستەیان شکاندوە و لە دەرەوە کار دەکەن ، بەڵام بەشێک لە ژنان هێشتا نەیان توانیوە وەک و پێویست هاوسەنگی کاری ماڵەوەو دەرەوە رابگرن، ئەمە جگە لەوەی هێشتا تارمایی ئاستەنگە کۆمەڵایەتیەکانیان بەسەرەوە ماوە.

دایکی ئاراز (تەمەن ٣٦ ساڵ) ، کە خاوەنی ئارایشتگایەکی جوانکارییە و بۆ ماوەی دوو ساڵە ئەو کارە دەکات، ئاماژەی بەوەکرد هاوسەرەکەی پێشمەرگەیە و بۆ هاوکاری کردنی ئەو کاردەکات ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵی بەکارەکەی خۆشە .

دایکی ئاراز ، وتی:«هاوسەر و منداڵکانم هاوکارمن ، گەر هاوکاری ئەوان نەبێت، ناتوانم کاری ماڵەوە و دەرەوە پێکەوە بگونجێنم.»

لەوڵاتە پێشکەوتووەکان دا ژنان هاوشێوەی پیاوان کاردەکەن و لەو ڕووەوە هیچ جیاوازیەک لەنێوانیان دا نیە ، کە رەنگە کرانەوەی دەرگای هەرێم بەڕووی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکادا کاریگەری لەسەر گواستنەوەی ئەو ئەزمونە بۆ هەرێم هەبووبێت.

ژیان عەزیز (تەمەن ٣٣ساڵ) ، کە زیاتر لە حەوت ساڵە فەرمانبەرەو لەگەڵ کارەکەیدا بەشێوەیەک راهاتووە کە ناتوانێت دەستبەرداری ببێت ، دەڵێت « هاوسەر و سێ منداڵەکەم زۆر هاوکارمن و هیچ گرفتێکم نیە».

سەرباری کرانەوەی کۆمەڵایەتی ، بەڵام رەنگە بەشێک لەو ژنانەی ڕوو لە دەرەوەی ماڵەکانیان دەکەن بۆ کارکردن ڕووبەڕووی تانە و تەشەر ببنەوە و ئەمەش لەڕووی دەرونیەوە بێ کاریگەر نیە لەسەریان.

سەنگەر حەمیدی توێژەری دەروونی، پێیوایە ئەو ژنانەی لەدەرەوە کار دەکەن تەنها لەڕووی جەستەییەوە ماندوو نابن ، بەڵکو گرفتی دەرونیشیان دێتەپێش ، بۆیە پێویستیان بەهاوکاری خێزانەکانیان هەیە ل.

سەنگەر وتی:«پێشتر ژینگەی گەرمیان بۆ ژنان نالەبار بووە تا کاربکەن ، بۆیە قورسە بەم دۆخە نوێ یە رابێن و توشی ئاستەنگ و نارەحەتی دەبن.»

کارمەندی ژن لەدەوری کلینکە پزیشکیەکان کۆدەبنەوە

▪ نەوژین،
ژینۆ عەلی _ پەیام جەمال

کردنەوەی کلینکێکی ٢٤ کاتژمێری لەکەلار، دەرفەتی کارکردنی بۆ ژنان رەخساندووە و کۆمەڵێک کارمەندی ژنی لەدەوری خۆی کۆکردوەتەوە کە تێیدا کاردەکەن.

زۆرن ژمارەی ئەو کچانەی لەبواری پزیشکی دا خوێندنیان تەواو کردووە و بروانامەیان بەدەست هێناوە ، بەڵام نەبوونی دامەزراندن وایکردووە هەلی کاریان بۆ نەرەخسێت، بۆیە کردنەوەی ئەو جۆرە کلینکانە تەنها باری سەرشانی نەخۆشخانەکانی سوک نەکردووە، بەڵکو بواری کارکردنی بۆ ئەو دەرچووە دانەمەزراوانەش رەخساندووە.

هەڵگورد حەمید ، سەرپەرشتیاری کلینکی ئێمیرجێنسی ، بەنەوژین ی وت:«کلینکی ئێمیرجێنسی بەیەکەمین کلینکی ٢٤ کاتژمێری سنوری گەرمیان دادەنرێت و ساڵی پار کراوەتەوە.»

وتیشی:«١٥ کارمەند تێیدا کاردەکەن کە٤ یان ژنن، بەرنامەی وەرگرتنی چەندین ژنە کارمەندی تریشمان هەیە.»

کلینکەکان دەچنە چوارچێوەی کەرتی تایبەتەوە و ئامانج لێیان بەدەستهێنانی قازانجە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا شانبەشانی کەرتی حکومی سودیان بە خەڵک گەیاندووە ، بەتایبەت لەمکاتەدا کە نەخۆشخانەکان گرفتی کەمی پزیشک و پێداویستیان هەیە.

هەڵگورد حەمید وتی:«لەنەخۆشخانەی فریاکەوتن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نەخۆش دەهێڵرێتەوە ، وەکو کلینکی گەرمیان بیرمان لەوەکردووەتەوە بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر نەخۆش لەژێر چاوی دا بهێڵینەوە.»

لەئێستادا بەشێکی زۆر لەکچان و ژنان بۆ کارکردن ڕوویان لەدەرەوەی ماڵەکانیان کردووە ، تەنانەت بەشێکییان ئەو کارانە ئەنجام دەدەن کەپێشتر بەپیشەی پیاوانە ناسراو بوون.

سارا (٢٤ ساڵ) ، کە لە کلینکی ئێمیرجێنسی کاردەکات ، باسیلەوەکرد بیرکردنەوەی خەڵک بەرانبەر کچان و ژنان گۆڕاوە ، بۆیە ژنانیش بواری کارکردنیان پێدەدرێت.

> چارەسەرکاری ژن بۆ چارەسەرکردنی کچان و ژنانی نەخۆش زۆر پێویستە

> لەماڵەوە پشتگیریم دەکەن و هانم دەدەن بۆ کارکردن

سارا وتی:«باوکان و دایکان پێیانخۆشە کچەکانیان لە کلینکێکی پزیشکی دا کاربکەن ، بەتایبەت بوونی چارەسەرکاری ژن بۆ چارەسەرکردنی کچان و ژنانی نەخۆش زۆر پێویستە.»

بوونی کچان و ژنان لە کلینکەکان دا وایکردووە، زیاتر کچان و ژنانی نەخۆش سەردانیان بکات ، بەو پێیەی کچ و ژنی نەخۆش، پێیانخۆشە سەردانی لای پزیشک و یاریدەدەری پزیشکی ژن بکەن تاوەکو پیاو.

میدیا کەریم کچێکی تربوو کە لەو کلینکەدا کاریدەکرد ، هۆکاری کارکردنی بۆ شکاندنی ئەو بەربەستە گێرایەوە کە دێتە بەردەم ژنان.

میدیا وتی:«لەماڵەوە پشتگیریم دەکەن و هانم دەدەن بۆ کارکردن، گەر پشتیوانی ماڵەوە نەبێت ناتوانم بەردەوام بم.»

هاوکات هەڵگورد حەمید ، روونکردنەوەی زیاتری داو ئەوەی خستەڕوو، کچان و ژنانی نەخۆش شەرم دەکەن باسی وردەکاری نەخۆشیەکانیان بۆ پزیشکی پیاو بکەن ، بۆیە ئەوان چارەسەرکاری ژنیان هەڵبژاردووە تا نەخۆشیەکانیان بۆ باس بکەن بەبێ شەرم کردن.

بەشێک لەو کچ و ژنانەی لە کلینکە پزیشکیەکان دا کاردەکەن، لەلایەن کەس و کاریانەوە هێندە ئازادیان پێبەخشراوە تەنانەت درەنگانێکی شەو دەچنەوە بۆ ماڵ،چونکە زۆربەی کات بەشەوان نەخۆش سەردانیان دەکات.

سارا، وتی:«شەوان هەندێکجار درەنگ دەچمەوە بۆ ماڵ ، هیچ ڕێگریەکم نەهاتوەتە پێش و بگرە هانیشم دەدەن تا خزمەتی نەخۆش بکەم.»

کلینکی ئێمیرجینسی، جگە لەوەی ژمارەیەک پزیشک و یاریدەدەری پزیشکی تێیدا کاردەکەن، هاوکات لە تاقیگەو دەرمانخانەش پێکهاتووە، بەوتەی خۆشیان دەرمانەکانیان لەڕووی کوالێتی یەوە گونجاوە.

هەڵگورد حەمید، وتیشی:«بیریان لەوە کردووەتەوە لەداهاتویەکی نزیک دا کلینکەکەیان فراوان بکەن، بۆ ئەمەش پێویستەکا ژمارەی کارمەندەکانیان زیاد بکەن و کارمەندی زیاتری ژن وەربگرن.»

سەبارەت بەموچەی کارمەندەکان، هەڵگورد وتی:«موچە نادەین بە کارمەندەکان، بەپێی ڕێژەی ئەو داهاتە پارەیان پێدەدەین کە مانگانە دەستمان دەکەوێت، لێرە هەمووی خۆی بەخاوەنی پرۆژەکە دەزانێت.»

پیشەی مامانی بەرەو نەمان دەچێت

ئەو ژنانەی جاران لەبەردەستی مامان دا لەدایکبوون ئێستا خۆیان لەبەردەستی پزیشک دا منداڵیان دەبێت

■ نەوژین،پەیام لەتیف

پیشەی مامانی لەهەرێمی کوردستان دا بەرەو نەمان دەچێت کە ژنان لەکاتی نزیکبونەوەی وادەی منداڵبونیاندا سەردانیان دەکردن ، ئەوەش پەیوەندی بە زۆربوونی ژمارەی پزیشک و نەخۆشخانەکانی تایبەت بە منداڵ بوونەوە هەیە.

مامان ، ئەو ژنانە بوون جاران ڕۆڵی پزیشکی ئێستای ژنانیان دەبینی، لەکاتی منداڵ بووندا هاوکاری و چارەسەری ژنان و کۆرپەکانیان دەکردن، بەو پێیەی ئەوکات ژمارەی پزیشک و نەخۆشخانەکان وەکو ئێستا زۆر نەبوو تا ژنانی دوو گیان سەردانیان بکەن.

تا ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو زۆربەی ژنان بەشێوەیەکی سروشتی و لای مامانەکان منداڵیان دەبوو ، بەڵام لەئێستادا زۆربەی ژنان سەردانی پزیشکی پسپۆر دەکەن و لەڕێگەی نەشتەرگەریەوە منداڵیان دەبێت ، لەگەڵ ئەوەش دا هێشتا مامانەکان بێ کارنین ، بەڵکو بەشێک لەژنان سەردانیان دەکەن.

مەلیحە ساڵەح ، ماوەی ٣٢ ساڵە کاری مامانی دەکات و پیشەکەی لەدایکیەوە بۆ ماوەتەوە ، ئەمە جگە لەوەی لە ساڵی ١٩٨٦ لەخولێکی فێربوونی مامانیدا بەشداربووە و مۆڵەتی وەرگرتووە، ئێستاش لەنەخۆشخانەی منداڵانی کەلار دەوام دەکات، دەڵێت:«ئێستاش ڕۆژانە ژنان سەردانم دەکەن بۆ ئەوەی لەکاتی منداڵ بوون دا بەسەریانەوە بم ، تائێستاش هیچ ژنێک لەو ژنانەی لەبەردەستی من دا منداڵیان بووە کەسیان گرفتیان نەبووە.»

بەپێی وتەی مەلیحە خۆی ، گەر بزانێت هەر ژنێک گرفتی تەندروستی هەیە ، ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەکات تا چارەسەری پزیشکی وەربگرێت و لەلایەن پزیشکەوە چاودێری بکرێت.

بەشێکی زۆر لەژنانی دووگیان لەکاتی منداڵ بووندا توشی گرفتی تەندروستی و خوێن بەربوون دەبن ، کە پزیشکی چارەسەری پێویستیان بۆ دەکات ، بەڵام مامانەکان هیچ شارەزاییەکیان لەبواری پزیشکی دا نیە و گەر ژنان لەکاتی منداڵ بووندا توشی گرفتی تەندروستی بن ، تواناییان نیە چارەسەریان بکەن.

مەلیحە ی مامان ، ئاماژەی بەوەشکرد زۆرجار لەکاتی منداڵ بوونی ژنان دا دەچن بەشوێنی دا ، بۆ ئەوەی لەماڵی ئەو ژنانە ئامادە بێت کە منداڵیان دەبێت .

لەئێستادا زۆربەی ئەو ژنانەی لە نەخۆشخانە تایبەتەکان و لەڕێگەی نەشتەرگەریەوە منداڵیان دەبێت ، چی لەلایەن پزیشکی نەشتەرگەری کار و چی لەلایەن نەخۆشخانە تایبەتەکانیشەوە بڕێکی زۆر پارەیان لێوەردەگیرێت ، بەڵام مامانەکان هیچ بڕیارێک پارەیان دیاری نەکردووە تا لە کەس و کاری ژنانی دووگیانی وەربگرن.

مەلیحە، وتی:«داوای پارەم لەکەس و کاری هیچ ژنێک نەکردووە ، بەڵکو ئەوان بەپێی توانای خۆیان پارەیان پێداوم ، چونکە من زیاتر مەبەستم ئەوەیە خەیرم بگات ، نەک پارەم دەست بکەوێت.»

بەشێکی زۆر لەو ژنانەی کە جاران لای مامان منداڵیان دەبوو لەڕووی تەندروستیەوە نەخۆیان و نە منداڵەکانیان گرفتیان نەبوو ، لەکاتێکدا لەئێستادا نەخۆشخانەکانی تایبەت بە منداڵ بوون پڕ گرفتترین نەخۆشخانەن، زۆرجاریش کێشە لەنێوان پزیشک و کەس و کاری ژنانی دووگیاندا ڕوودەدات، ئەمە جگە لەوەی هەندێک لەژنان لەکاتی نەشتەرگەری دا گیان لەدەست دەدەن.

نەجیبە محەمەد (٥٧ ساڵ)کە خاوەنی شەش منداڵە، بەنەوژین ی وت:«هەموو منداڵەکانم لای مامان لەدایکبوون، لەکاتێکدا نەخۆم و نە ئەوانیش هیچکامەمان گرفتمان نەبووە.»

بەبڕوای نەجیبە، ئێستاش منداڵ بوون لەبەردەستی مامانەکدا زۆر باشترە لەسەردانیکردنی پزیشک و نەخۆشخانەکان ، چونکە منداڵ لای مامان بەشێوەیەکی سروشتی لەدایک دەبێت و دوور دەبێت لەکێشەی تەندروستی.

مامانەکان، جگە لەوەی هەندێکیان خولی فێربوونی مامانیان بینیووە، بەڵام خاوەنی هیچ بڕوانامەیەک نین و بەشێکی زۆریشیان ئەو ژنە بەتەمانەن کە زۆربەی تەمەنیان لەگوندەکان دا بەسەر بردووە، پیشەکەشیان لە کەس و کاریانەوە بۆ ماوەتەوە و فێری بوون.

لەئێستادا پیشەی مامانی بەرەو نەمان دەچێت، بەو پێیەی زۆربەی ژنە مامانە بەتەمەنەکان لەژیان دا نەماون، ئەوانەی ماون بەراورد بەجاران ژنان کەمتر سەردانیان دەکەن و هەندێکجاریش ڕێگری لەکارەکانیان دەکرێت.

مامانێک کەداوایکرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، بۆ نەوژین دواو ئاماژەی بەوەکرد، داوایانلێکردووە لە نەخۆشخانەکانی تایبەت بەمنداڵبوون دەوام بکات یان واز لە پیشەکەی بهێنێت ، بەڵام ئەو دەوام کردنی ڕەتکردوەتەوە ، وتی:«بۆیە وازم لەپیشەی مامانی هێناوە، چونکە گەر کێشەیەک ڕووبدات سزا دەدرێین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک زۆر سەردانم دەکەن.»

هاوکات لەگەڵ کەمبونەوەی ژمارەی مامانەکان دا ، زۆربەی ژنانیش لەکاتی نزیکبونەوەی وادەی منداڵ بوون دا سەردانی پزیشک و نەخۆشخانەکان دەکەن و نایانەوێت بەشێوەی سروشتی منداڵیان ببێت، بەڵکو پەنا بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری و دەرهێنانی کۆرپەلە دەبەن لەو ڕێگەیەوە.

نێرگز فایەق ، ماوەی چوار ساڵە هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی دوو منداڵە، دەڵێت:«ڕاستە جاران هەمووومان لای مامان لەدایکبووین، بەڵام ئێستا پزیشک زۆرە و پێویستمان بە مامان نەماوە ، چونکە لای پزیشک باشترە و مەترسی کەمترە.»

جەختیشیکردەوە:«گەر منداڵی تری ببێ سەردانی لای پزیشک دەکات، وەکو چۆن دوو منداڵەکەی تری لەڕێگەی نەشتەرگەریەوە لەدایک بوون.»

موی روخساری ژنان بازاری سەنتەرەکانی لیزەری گەرم کردووە

■ نەوژین،
سۆزان خەلیل _سەرگوڵ خەلیل

بەشێکی زۆر ی کچان و ژنان بەدەست زۆری موی جەستەیانەوە دەناڵێنن کە پەیوەندی بە تێکچوونی هۆرمۆنی جەستەیانەوە هەیە ، بۆیە سەردانی سەنتەرەکانی لیزەر دەکەن بۆ سوتاندن و لابردنی موی جەستە و روخساریان.

سەنتەری لیزەری لۆرا ، یەکێکە لەو لیزەرانەی ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر کچ و ژن لەناوچە جیاجیاکانی گەرمیانەوە بۆ لابردنی موی روخسار و جەستەیان سەردانیان دەکەن ، کەئەم لیزەرە دەکەوێتە بازاری زانکۆی شاری کەلار.

کاژاو جەعفەر بەڕێوەبەری سەنتەری لیزەری لۆرا ، ئاماژەی بەوەکرد سەرباری قەیرانی دارایی بەڵام هێشتا ژمارەیەکی زۆر کچ و ژن ڕۆژانە سەردانیان دەکەن بۆ لابردنی موی روخساریان ، وتی»موی زیادە دەبێتە هۆی ناشیرین کردنی روخسار و جەستەی ژنان ، بۆیە ئەوان ناچار دەبن بۆ لابردنی لیزەر بەکاربهێنن.»

لیزەری لۆرا ، زیاتر لیزەر بۆ روخساری کچان و ژنان بەکار دەهێنن ، ئەو کەسەشی لیزەر دەکات مەرجە تەمەنی سەروی ١٨ ساڵ بێت ، بەپێچەوانەوە لیزەری بۆ ناکرێت.

دەرون عەلی ، کەتائێستا ١٤ جار لیزەری بۆ لابردنی موی روخساری بەکارهێناوە، دەڵێت:«سودم لەلیزەر بۆ کەمبونەوەی موی دەم و چاوم بینیووە ، هەرچەندە بنەبڕ نەبووە .»

زۆربوونی موچەی دەم و چاو و جەستەی ئافرەت پەیوەندی بەتێکچوونی هۆرمۆناتەوە هەیە ، کەژمارەیەکی زۆر لەکچان و ژنان بەدەستیەوە دەناڵێنن و بۆ لابردنی و ئەنجامدانی جوانکاریش ، سەردانی سەنتەرەکانی لیزەر دەکەن.

دیمەن (٢٢ ساڵ) ، وەکخۆی باسیکرد تائێستا ٩ جار لیزەری بۆ بنەبڕکردنی موی روخساری بەکارهێناوە ، بەڵام کەمتر سودی لێبینیوە ، چونکە لیزەر نەیتوانیوە موی روخساری بنەبڕ بکات.

ئەو کچ و ژنانەی لیزەر بۆ لابردنی موی روخساریان بەکاردەهێنن ، ڕاوێژیان بەپزیشکی پسپۆر نەکردووە ، لەکاتێکدا پێش سەردانی سەنتەرەکان پێویست دەکات پزیشک هۆکاری نەخۆشیەکەیان بۆ دەستنیشان بکات.

زۆربەی ئەو کچ و ژنانەی لەکاتی ڕۆیشتنی پەیامنێری نەوژین دا بۆ لیزەری لۆرا لەوێ بوون ، جەختیان لەسەر ئەوەکردەوە کە سەردانی پزیشکیان نەکردووە و خۆیان بڕیاری بەکارهێنانی لیزەریان داوە.

لەو بارەیەوە کاژاو جەعفەر وتی: «لیزەر باش نیە بۆ ئەو کچ و ژنانەی پێستیان ئەسمەرە ، چونکە پێدەچێت پێستیان توشی حاڵەتی سوتان ببێت، بۆیە باشتر وایە سەرەتا سەردانی لای پزیشک بکەن و هۆکاری تێکچونی هۆرمۆنی جەستەیان بزانن، دواتر سەردانی سەنتەرەکان بکەن تائەوانیش لەسەر بنەمای زانیاری دکتۆر جۆری لیزەریان بۆ بەکاربهێنن.»

کاژاو جەعفەر ، ڕێنمایی کچان و ژنانی کرد بەوەی سەردانی پزیشک بکەن بۆ زانینی هۆکاری موی روخساریان، چونکە ڕەنگە کاریگەری لەسەر هێلکەدان و گۆڕانی هۆرمۆنات هەبێت، تا پزیشک هۆکاری کێشەکەیان بۆ دەستنیشان بکات .

ناوبراو وتی:«دوای دانانی چارەسەر لەلایەن پزیشکەوە ، ئینجا پێویست دەکات کچ و ژن سەردانی ئێمە بکەن بۆ بەکارهێنانی لیزەر ، دەشبێت پێش بەکارهێنانی لیزەر و دواتریش ئاگاداری خۆیان بن.»

دەربارەی نەوژین

نەوژین، ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن ڕادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە .

ڕادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بە پەخشی ڕادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوەو پاشان وێبسایتێکی داناوە .

ڕۆژنامەی نەوژین یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی ڕادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی .

ڕۆژنامەی نەوژین یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەیەکی ڕادیۆی دەنگ کە لەلایەن سندوقەکەوە پاڵپشتیی دەکرێت .

ڕۆژنامەنوسانی ئەم ڕۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولێکی ڕاهێنانیان لەلایەن ڕادیۆی دەنگەوە بۆئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری ڕۆژنامەوانییان نەکردوە .

بۆ پەیوەندیکردن بە ڕۆژنامەکەوە:
تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠
ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com
فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی ڕادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە ببینن
www.radiodang.org

کچان تا چەند گرنگی بە خوێندنەوە دەدەن؟

■ نەوژین

خوێندنەوە یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی پەرەدان بە توانا تاکە کەسیەکان و هەروەک دەوترێت ئەوەی ئەزمونت نەکردوە دەتوانی لە ڕێگەی کتێبەوە دەستت پێی بگا.

کچان تا چەند گرنگی بە خوێندنەوەوە دەدەن؟ سۆشیال میدیا تا چەند ڕۆڵی هەیە لە کەمبونەوەی ژمارەی خوێنەر ؟ بۆچونی چەن کچێک دەخەینە ڕو.

تانیا کچێکی دانشتوی قەزای کفریە بۆ نەوژین وتی : «لەم سەردەمی سوشیال میدیایەدا خوێندەنەوە وەک بێویست نەماوە چونکە سۆشیال میدیا کاریگەری زۆری لەسەر خوێنەر هەیە، خەڵک زیاتر پەیوەست بووە بە تۆرە کۆمەلایەتیەکانەوە.»

دەشڵێت:«بە هۆی تۆرە کۆمەلایەتیەکانەوە خەڵکی تۆراون لە کتێب دەبی کار لەسەر ئەوە بکرێت خوێنەر ئاشت بکرێتەوە لەگەڵ خوێندنەوە.»

هەیفا حەبیب، دەرچویەکی زانکۆیە، لە بارەی گرنگی خوێندنەوەوە دەڵێت: «هەروەک وتراوە کتێب باشترین هاورێی مرۆڤە،بۆیە ئەبێ هەوڵبەین باشترین هەڵبژێرین و بێشک بین لەوەی خوێندنەوە سودی خۆی هەیە لە هەر شتێک زیاتر کە ئێمە ڕۆژانە خۆمانی پێوە سەرقاڵ دەکەین بە تایبەتیش سۆشیاڵ میدیا.»

هەیفا ڕونیشیکردەوە: «گرنگترین سوودی خوێندنەوە زیادکردنی توانای قسە کردنی کەسەکانە، کتێب بە بێدەنگی باشترینت فێردەکات و بیر فراوانت دەکات، وات لێدەکا کە زیاتر تێبفکری.»

> بە هۆی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانەوە خەڵکی تۆراون لە کتێب

> کتێب بە بێدەنگی باشترینت فێردەکات و بیر فراوانت دەکات



لە بارەی ئەوەی چی دەخوێنێتەوە هەیفا دەڵێت:«بەو پێیەی پسپۆریەکەم زمان و ئەدەبی کوردییە هەوڵمداوە زیاتر لە بوارەکەی خۆمدا بخوێنمەوە، هەرچەندە ئەمە مەرجی سەرەکی خوێندنەوە نیە.»

جیاواز لە بۆچونی تانیا و هەیفا،ڕوناک پێی وایە دۆخی ژیان و ژینگەی کۆمەلایەتی کاریگەری تەواویان هەیە لەسەر ئەوەی تاک حەوسەڵەی خوێندنی هەبێت یاخود نا.

ئەو، هۆکاری کەمبونەوەی خوێنەر دەگێڕێتەوە بۆ ئەو دۆخەی ئێستا و دەڵێت:«ئەم دۆخەی ئێستای تاکی کورد کە نائومێدی لە چەن لاوە یەخەی گرتوە بە تایبەت گەنج کە چینی باڵایە لە کۆمەڵگا حەوسەڵەی هیچی نییە».

ڕوناک عەلی ئاماژەی بەوەشکرد «لە پاڵ سۆشیال میدیادا ، ڕاگەیاندن بە گشتی بە هۆکار دەزانێت بۆ دورخستنەوەی خوێنەر لە کتێب».

سایە ئیبراهیم کە فێرخوازی دوا قۆناغی ئامادەییە وەک خۆی دەڵێت بە هۆی سەرقاڵی زۆری بە خوێندنی وانەکانیەوە ناتوانێ کاتی زیاتر بە خوێندنەوە بدات بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا «خوێندنەوە بە کایەیەکی گرنگ و پیرۆز وەسفدەکات».

سایە دەڵێت: «سۆشیال میدیا لەئەمڕۆدا هاریکاریمان دەکات بۆ ڕاپەڕاندنی کار و کاتی ڕۆژانە بەڵام بەداخەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر خوێندنەوە بەجێ هێشتووە.»

---

١٠ لە ناودارترین ژنانی نوسەری جیهان

■ نەوژین

ئەگەرچی بەبەراورد بە پیاوان ڕێژەو ژمارەی نوسەران و ئەدیبانی ژن لە جیهاندا کەمترن، بەڵام ئەمە واینەکردوە کە لەروی گرنگییشەوە کەم بن، بەڵکو هەندێک لەو ژنانە توانیویانە بگەن بە ئاست و قۆناغێک لە داهێنان و بەرەوپێشەوەچونی ئەدەبیی، کە کەمجار پیاوانی نوسەریش پێی گەیشتون.

لەم لیستەی خوارەوە، ئاماژە بەناوی ١٠ لە دیارترین ئەو ژنە نوسەرانە دەکەین کە لەبواری ئەدەب دا خاوەنی ناوبانگ و کاریگەریی بەرچاون.

١. جەی. کەی. ڕۆلینگ
لەناودارترین ژنانی نوسەری جیهانە، ئەم ناوداریەشی دەگەڕێتەوە بۆ زنجیرە ڕۆمانە پرفرۆشەکەی «هاری پۆتەر» کە تائێستا زیاتر لە ٤٥٠ ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە.

٢. دانیال ستیل:
بەیەکێک لە بەناوبانگترین نوسەرانی ئەمریکی هەژمار دەکرێت، کەخاوەنی جەماوەرێکی زۆرە. تائێستا ڕۆمانەکانی زیاتر لە ٨٠٠ ملیۆن دانەی لە جیهاندا لێفرۆشراوە و هاوکات بۆ ٢٨ زمانی جیهانیش وەرگێڕدراون.

٣. تۆنی مۆریسۆن:
ژنە نوسەری ئەمریکی ئەفریقی، بەهۆی نوسین و بەرهەمە نایابەکانیەوە لەساڵی ١٩٩٣ خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئەدەب پێبەخشرا، هەروەک بەهەمان هۆکار لەساڵی ٢٠١٢ خەڵاتی «نیشانەی ئازادیی سەرۆکایەتی» و خەڵاتی «پۆلیتەرز»ی پێبەخشرا.

٤. ستیفانی مایەر:
خاوەنی ڕۆمانی «شەفەق»ە کە دواتر کرایە فیلم و زنجیرە فیلمەکانی «Twilight»ی لێبەرهەمهێنرا. ئەم ڕۆمانە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دانەی لێفرۆشراو بۆسەر زیاتر لە ٣٧ زمانی جیهان وەرگێڕدرا. گۆڤاری «فۆربس» ریزبەندی ٥٩ هەمین کاریگەرترین کەسایەتی ساڵی پێبەخشیی.

٥. ماری هیگنز کلارک:
ژنە نوسەری ئەمریکی بە نوسینی ڕۆمانی وروژێنەر ناسراوەو تائێستا ٥١ کتێبی چاپ کردوە، کە هەمویان لە لیستی پڕ فرۆشترین ڕۆمانەکانی ئەمریکاو ئەوروپادا بون لەو ساڵانەی کە بڵاوبونەتەوە. تائێستاش ڕۆمانەکانی برەو و جەماوەرێکی زۆریان هەیە، یەکێکیان تائێستا ٧٥ جار چاپکراوەتەوە.

٦. مایا ئەنجیلۆ:
سەرباری ئەوەی لەژیان دا نەماوە، بەڵام (مایا) بەنوسەرێکی ناودار و خاوەن کاریگەریی هەژمار دەکرێت، ئەو لە ژیانی دا ٧ ژیاننامەو چەندی کتێبێکی شیعریی و شانۆنامەو سیناریۆی فیلمی نوسیوەتەوە.

٧. ئەلیس والکەر:
ژنە نوسەرێکی ئەمریکییە، بەزۆری لە ڕۆمانی «ڕەنگی وەنەوشەیی»ەوە ناوبانگی پەیدا کرد کە ئەم ڕۆمانەی خەڵاتی «کتێبی نیشتمانی ئەمریکی» و خەڵاتی «پۆلیتەرز»یشی پێبەخشرا.

٨. جۆمبا لاهیری:
نوسەری بەنگالی-هیندیی، پاش بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی « The Namesake» ناوبانگی بەجیهاندا بڵاوبویەوە، کە دواتر کرایە فیلم و سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێنا. توانی خەڵاتی «پۆلیتەرز» بەدەستبێنێت و هەروەک بۆ چەند خەڵاتێکی دیکەی جیهانیش پاڵێورابو.

٩. جویس کارۆل ئۆتیس:
ئەم ژنە نوسەرە زیاتر لە ٤٠ ڕۆمانی نوسیوە، سەرباری ژمارەیەک شانۆنامەو کورتە چیرۆک و دیوانی شیعریی. بەهۆی داهێنراوەکانیەوە، چەندین خەڵاتی پێبەخشراوە، لەوانەش: خەڵاتی «کتێبی نیشتمانی»، خەڵاتی «هێنری» و خەڵاتی «مەدالیای مرۆیی نیشتمانی».

١٠. ئەلیزابێل ئەلیندیی:
ژنە نوسەری چیلیی، بەوە ناسروە کە پەیڕەو لەجۆرێکی ئەدەب دەکات کە بە «واقیعی سیحریی» ناسراوە. لەبەناوبانگترین ڕۆمانەکانی: (ماڵی ڕۆحەکان) و (شاری دڕندەکان)ە. بەهۆی کارەکانیەوە خەڵاتی نیشتمانی ئەدەبی لە وڵاتەکەی پێبەخشراوە، هەر لەوڵاتەکەی خەڵاتی سەرۆکایەتی بۆ ئازادیی لە ساڵی ٢٠١٤ پێبەخشراوە، سەرباری پاڵاوتنی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب لەچەند خولێکی جیاواز دا.

سەرچاوە: www.arabfeed.com

قەیرانی دارایی خەونی کەنیشکان دەکوژێت

■ نەوژین،ئاراز زۆراب

بە هۆی قەیرانە داراییەکان، چیتر کەنیشکەکانی گوندەکانی گەرمیان ناتوانن درێژ بە خوێندن بدەن؛ لە لایەکەوە کەسوکاریان بە هۆی باری داراییان ناتوانن خەرجیی خوێندنیان بۆ دابینبکەن، لە لاکەی تریش، کۆتوبەندە کەلتورییەکان رێگرن لەوەی کەنیشکەکان بەتەنها هاتوچۆی شار بکەن بۆ درێژەدان بە خوێندن.

برگەکانی یاسای ژمارە ٨ی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیی خێزانیی ساڵی ٢٠١١ و زۆر لە یاساکانی تر دەخوازن لەناو خەڵکدا بڵاوبکرێنەوە. سەرەڕای ئەوەی لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان هۆشیاریی یاسایی لە ئاستێکی لاواز دایە، بەڵام لە گوندەکان ئەو لاوازییە زیاتر هەستیپێدەکرێت، بەتایبەت ئەو یاسایانەی کە راستەوخۆ پەیوەستن بە ژیانی خێزانییەوە و دژن بە هەندێک دابونەریتی کۆمەڵایەتیی.

گوندەکانی گاکوڵ، سەید خلیل، حەسیرە، شێرەوەن، گوبان و قولەبەرز، وەک زۆر لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان، پێویست بو زیاتر ئاشنا بن و ئاگاداری قەدەغە و سزاکانی دیاردە توندوتیژییەکان بن.

یەکێک لە برگەکانی مادەی دوی یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١، دابڕینی مناڵانی لەبەر خوێندن قەدەغە کردوە، بەڵام بە هۆی قەیرانە دارایی و ئابورییەکان، وای لە منداڵانی گوندەکانی گەرمیان کرد بەشێکیان داببڕێن لە خوێندنی بنەڕەتیی و ئامادەییش، خێزانەکان دەڵێن کە ئەوان ناتوانن بەم قەیرانە مناڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە و کرێ هاتوچۆیان دابینبکەن، چونکە کاری کشتوکاڵیی و ئاژەڵداریی دەکەن. بەهۆی قەیرانی داراییشەوە، بەرهەمەکانمان وەک جاران سودی نییە و زۆریی منداڵەکانیشان پێویستی بە خەرجی زۆرترە،ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە گوندەکانی خۆیان قوتابخانەی ئامادەیی نییە.

ئەو کەنیشک و ژنانەی کە نەوژین بەدواداچونی بۆ کردوە لە سەرجەم ئەو گوندانەی کە منداڵانیان تێدا دابڕیون لە خوێندن دەڵێن:«سەرەڕای خراپیی باری ئابوریمان کە ڕێگربو لەبەردەممان، بەربەستێکی ترمان سیستەمی پەروەردە و دواکەوتنی خوێندنی ئەمساڵە کە هیچ ئومێدێکی بۆمان نەهێشتەوە چونکە بەو ڕێگە دور و کەم خەرجییە دەڕۆشتین، دەبینین خوێندنی پۆل هیچ بایەخ و گرنگییەکی نەماوە و مامۆستا و ئێمەشی بێتاقەتکردوە، دەشڵێن بۆیە «بەناچاری دەستبەرداری خوێندن بوین.»

داستان محمد، (١٧) ساڵ، یەکێک لەو قوتابییانەی قەیرانە داراییەکان ناچاریان کرد خەونەکانی خۆی لە پۆلی نۆیەمدا بخاتە ژێر گڵ. ئەو بەنیگەرانییەکی زۆر و دڵێکی پڕ لە خەمگینییەوە، گوتی:

> باوکم دەڵێت
> رێگاکە دورە و
> نابێت کچان بەتەنها
> بچنە شار بخوێنن

«پێشتر هیچ کێشەیەکم نەبو، بەڵام بەهۆی قەیرانەوە ساڵی پار لە پۆلی نۆیەم وازم لە خوێندن هێنا، چونکە دەبوایە بڕۆشتمایە بۆ قوتابخانەی گوندی وەلی هەیەر بمخوێندایە، ئەمەش بۆ من ئەرکێکی قورس بو چونکە باری ئابوریی خێزانەکەمان خراپ بو، بەردەوامبونیشم خەرجیی و کرێی هاتوچۆی دەوێت، ئێستا خەریکی کاری ماڵم».

داستان تەنها نییە و چەندان قوتابیی و هاوتەمەن و خزم و دۆستیشی وازیان لە خوێندن هێناوە.

خەندە نامیق، ١٣ساڵ، دەڵێت: «لە پۆلی هەشتەم وازم لە خوێندن هێنا چونکە ڕێگاکەمان دورە و کرێی هاتوچۆی دەوێت».

نەوژین لە بەدواداچونەکانیدا بۆی دەرکەوتوە کە لەگەڵ هاتنی قەیرانی داراییدا ژمارەیەکی زۆر منداڵانی گوندەکانی گەرمیانی لە خوێندن دابڕاندوە، زیاتر ئەو کەنیشکانەی کەتەمەنیان لەنێوان (١٢-١٧)دایە، لەهەر لادێیەک زۆرترین کەنیشک دابڕاوە، خێزانەکان و زیاتر کەنیشکەکان داواکارن لەنێو قوتابخانەکانیان خوێندنی خێرایان بۆ بکرێتەوە و درێژە بە خوێندن بدەن.

لەلایەکی ترەوە، لەلایەن خێزانەکانەوە توندوتیژی بەرانبەر بە ژمارەیەکی زۆر لە کەنیشەکانی دەکرێت، بەوپێیەی گوندی وا هەیە زیاتر لە ٢٠ کەنیشک تێیدا دابڕێنراون لە قوتابخانە، بە هۆکاری ئابڕوچون، ئەمەش نیگەرانیی لای کەنیشکەکان دروستکردەوە نایانەوێت نەخوێندەوار بن، دایکەکان و کەنیشکەکانیش داواکارن هەر لە قوتابخانەی لادێکە مامۆستایان بۆ دابینبکرێت و درێژە بە خوێندن بدەن و بیانوی دایک و باوکوکانیان ببڕن کە دەڵێن "نابێت بڕۆنە لادێیەکی تر بخوێنن."

تابان محمود،٢١ ساڵ، چیرۆکی خۆی بۆ نەوژین گێڕایەوە کە چۆن لەلایەن باوکیەوە بە بیانوی کەلتوریی «رێگاکە دورە و نابێت کچان بەتەنها بچنە شاران» خۆیی و خوشکەکانی لە قوتابخانە دابڕێنراون، هەرچەندە زیرەک و لێهاتو بوە لە قوتابخانەدا.

تابان داوا لە دەزگاکانی پەروەردە و داکۆکیکار لە مافەکانی منداڵان و ژنان دەکات کە بە هانایانەوە بچن و «داهاتویان نەسوتێت و قوتابخانەیان بۆ بکەنەوە.»

سەرەڕای ئەوانەی بە هۆی قەیرانی داراییەوە باروگوزەرانی خەڵکەوە وازیان لە خوێندن هێناوە، زۆر ژنی دیکەش هەن کە لە رابردودا ناچارکراون یان ناچاربون واز لە خوێندن بێنن و ژیانی هاوسەرگیرییان پێکهێناوە، بەڵام خەونەکانیان نەمردون. ئەمە بۆ هەندێک لە پیاوەکانیش راستەو و ئێستا دەیانەوێت درێژە بە خوێندن بدەنەوە. ئەو خەونانەی دوێنێ لەگۆڕنران، دەیانەوێت، ئەمڕۆ زیندویان بکەنەوە ئەگەر دەزگا پەیوەندیدارەکان هەر لە گوندەکەی خۆیان قوتابخانەی خوێندنی خێرایان بۆ بکاتەوە.

هەمان گرفتی کۆمەڵگای هەیە

زانکۆ، تەنها ناوەندە مەعریفیەکەی گەرمیان گرفتی کەمی مامۆستای ژنی هەیە

■ نەوژین،
زریان محەمەد، پەیام لەتیف

رێژەی مامۆستای ژن لە بەشە جیاجیاکانی زانکۆی گەرمیان دا وەکو پێویست نیە و زۆربەی پۆستەکانی زانکۆش بەدەست پیاوانەیە ، ئەمەش بوەتە مایەی نیگەرانی بۆ مامۆستا ژنەکان و زاڵبونی عەقڵیەتی پیاوسالاری بەهۆکار دەزانن.

زانکۆی گەرمیان، لەسەرەتای دامەزراندیەوە گرفتی کەمی مامۆستا و میلاک و بینای هەبوو ، بەڵام لەئێستادا بەشێکی گرفتەکانی چارەسەر بووە و ژمارەیەکی زۆر مامۆستا لەناوچەکانی عێراق و رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتوون و ڕوویان لەو زانکۆیە کردووە.

کەمی مامۆستای ژن لە زانکۆدا کە بەناوەندێکی رۆشنبیری و مەعریفی هەژمارد دەکرێت ، بەبڕوای رۆشنبیران و خودی مامۆستایانیش جێگەی رەخنە و هەڵوەستە لەسەرکردنە ، بەو پێیەی دەبێت زانکۆ خاڵی وەرچەرخان و گۆڕانکاری بێت ، کەچی خودی زانکۆش هەمان گرفتی کۆمەڵگای هەیە.

د.پگاه عەلی مەردان ، مامۆستای دەروونناسی ، پێیوایە لەکۆمەڵگای پیاوسالاری و خێڵەکی دا ، تەنها رۆڵی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ بەژنان دەدرێت.

د.پگاه کە خەڵکی رۆژهەڵاتی کورستانە، بەنەوژین ی راگەیاند:«لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا سنور بۆ دەرچوونی ژنان دادەنرێت ، هەرچەندە ئێستا کۆمەڵگا بەهۆی رێکخراوەکانی ژنانەوە گۆڕانکاری تێیدا ڕوویداوە ، بەڵام گۆرانکاریەکان وەکو پێویست نین.»

> ژنان و کۆمەڵکاش
> دەوریان هەیە لەوەی
> کە ژنان کەمتر ببنە
> مامۆستای زانکۆ

بەبڕوای مامۆستاکەی زانکۆی گەرمیان، ژنان خۆشیان هۆکاری سەرەکین بەوەی رێگەیانداوە عەقڵیەتی پیاو سالاری بەسەریان بسەپێنرێت ، وتیشی:«لایەنی ئاینیش هۆکارێکی تری گرفتەکانی ژنانە ، هەرچەندە ئاین بەهای بە ژن داوە ، بەڵام لەهەمانکاتدا بەربەستیشە لەبەردەم ژنان دا ، هەموو ئەمانە وایکردووە ژنان گرفتی بڕوا بەخۆ نەبوونیان لادروست ببێت.»

سەرباری بوونی دەیان گرفت لەبەردەم ژنانی گەرمیان دا ، هەر لە گرفتی کۆمەڵایەتی و ئاینی و کلتوریەوە تا دەگاتە زاڵبوونی کلتوری خێڵ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری کچان و ژنان ئەو گرفتانەیان تێپەڕاندووە و خوێندنیان تەواو کردووە.

بەشێک لەو ژنانەی خوێندنیان تەواو کردووە ، تەنانەت توانیویانە بڕوانامەی بەرزیش بەدەست بهێنن ، هەندێک لەوانەش لەئێستادا لەبەشە جیاجیاکانی زانکۆی گەرمیان وانە دەڵێنەوە.

تریفە مەحمود، مامۆستا لەبەشی کوردی زانکۆی گەرمیان، بەنەوژین ی وت:«ساڵانی رابردوو رێژەی مامۆستای ژن لەزانکۆ زۆر کەم بوو ، ژمارەیان لەپەنجەکانی دەست تێپەڕی نەدەکرد ، بەڵام ئێستا رێژەکە زیادیکردووە، گەرچی وەکو پێویست نیە.»

وتیشی:«بەشێک لەو مامۆستا ژنانە لەدەرەوەی وڵات بڕوانامەیان بەدەستهێناوە ، ئێستا گەڕاونەتەوە و لەزانکۆ وانە دەڵێنەوە.»

زانکۆی گەرمیان تەنها گرفتی کەمی مامۆستای ژنی نیە ، بەڵام زۆربەی پۆستەکانی ئەو زانکۆیە بەدەست پیاوانەوەیە ، هەروەها لەنێو سەرۆک بەشەکانیشدا تەنها یەک سەرۆک بەشیان ژنە.

د.کەواکب کەریم ، سەرۆک بەشی زمانی عەرەبی لەزانکۆی گەرمیان کەتەنها سەرۆک بەشی ژنە ، پێیوایە بەشێکی زۆری ژنان کەمتەرخەمن و کەمتر گرنگی بە خوێندنی باڵا دەدەن.

د.کەواکب وتی:«زۆربەی ژنان ئارەزووی وانە وتنەوە دەکەن لەقوتابخانەکان دا ، بۆیە خودی ژنان خۆیان و کۆمەڵکاش دەوریان هەیە لەوەی کە ژنان کەمتر ببنە مامۆستای زانکۆ.»

سەرۆک بەشە ژنەکەی زمانی عەرەبی ، رونیشیکردەوە ئەو ئەمساڵ وەکو سەرۆک بەش دەستبەکاربووە و تاکە ژنی سەرۆک بەشی نێو زانکۆی گەرمیانە ، دەڵێت «ئەم پۆستە بۆ من تەجروبەیەکی زۆر باشە و ئامانەتێکیشە بۆم.»

جەختیشیکردەوە«خەون بەوەوە دەبینێت ژنان لە بەشەکانی تریش دا ببنەسەرۆک بەش ، بۆ ئەوەی زانکۆی گەرمیان ببێتە رەچەشکێن و بەربەستەکانی ژنانی تێدا بشکێنرێت.»

زیادبوونی سکاڵا مانای هۆشیاربوونەوەی ژن نیە!

■ شەرمین عەلی

زیادبوونی تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن ژنان و دەنگ هەڵبڕینی بەشێک لە ژنان لەبەرامبەر ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەریان ئەنجامدەدرێن، نە مانای هۆشیاربوونەوەی تەواوی ژنانە، نە جێگەی دڵخۆشیە!

> سکاڵا خاڵی کۆتایی یە کە ژن پەنای بۆ دەبات و زۆرجار بە قورسی باجەکەی دەدات

> زۆرینەی ڕێکخراوەکانی بواری ژنان بوون بە شوێنی کاسبی و پەیداکردنی بژێوی

دەکرێت داتاو ئامار بۆ هەر بابەتێک وەک بەڵگە پشتی پێ ببەسترێت، بەڵام لەبابەتی توندوتیژیدا ئەمە ئەستەمە، چونکە لە کۆمەڵگا داخراوەکان (بە نمونەش کۆمەڵگەی کوردی)، کە ئاین و کلتور تێیاندا زاڵە، زۆرینەی کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتیەکان بە شاراوەیی دەهێڵرێنەوە، ژن ئامادەیە هەموو سوکایەتی و لێدان و هەڕەشەو توندوتیژییەک قبوڵ بکات، تا نەکەوێتە بەر تانەو تەشەری کۆمەڵگە، بۆیە ناتوانرێت لەبەر ڕۆشنایی ئامارەکان هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی هۆشیاری ژن بکرێت.

سکاڵا خاڵی کۆتایی یە کە ژن پەنای بۆ دەبات و زۆرجاریش لەبری سوودپێگەیاندن بە قورسی باجەکەی دەدات، زۆری ئەو حاڵەتەش گوزارشتە لە زیادبوونی توندوتیژی و کێشەی ژن لە کۆمەڵگەدا، وەک لەوەی مانای هۆشیاری ژن بێت. کەم نین ئەو ژنانەی لەدوای سکاڵاکردن و گەیشتنی کەیسەکانیان بە دامەزراوەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، لەلایەن خێزان و کەس و کاریانەوە حاشایان لێکراوەو ڕوبەڕووی چەوساندنەوەی زیاترو تەنانەت کوشتنیش بونەتەوە، سکاڵاکردنێکیش کە ئەنجامەکەی دەربەدەربوون و مردنی ژنێک بێت، چۆن دەکرێت ببێتە جێگەی ئومێدو دڵخۆشی.

مەسەلەی هۆشیاری و بە ئاسایی وەرگرتنی سکاڵا تۆمارکردنی ژنان لەکاتی بوونی کێشەدا دوو دیوی هەیە، یەکێکیان ژن و ئەوی تریان پیاوە، پیاوانی کورد بەگشتی سکاڵا کردنی خوشک و ژنەکانیان بە شکاندنی شکۆو لەکەدارکردنی کەرامەتی خۆیان و خێزانەکانیان دەزانن، هەربۆیە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی هۆشیار تەنها هۆشیارکردنەوەی ژن بەس نیە، بەڵکو ئەگەر هاتوو بە تەنها ژن هۆشیار کرایەوەو پیاویش لە قاڵبی خۆیدا مایەوە، ئەوکات پیاو بەئاگایی وماف و ئازادی ژنی پێ هەزم ناکرێت، بەوەش بەریەککەوتن و لێک تێنەگەیشتن دروستدەبێت، قوربانیی سەرەکیش هەر ژن دەبێت.

زۆرینەی ڕێکخراوەکانی بواری ژنان و ئەو دامەزراوانەش کە لەبواری مافی ژندا کاردەکەن، بوون بە شوێنی کاسبی و پەیداکردنی بژێوی بۆ کەسانێک کە ئەوانیش هەڵگری هەمان عەقڵیەتی کۆمەڵگەن، لە بنەڕەتدا بڕوایان بە هۆشیاریی ژن نیە، ئەگەرنا لەو سەدان ڕێکخراوە بەناو فیمینیزم و ئازادی خوازەی لە هەرێمی کوردستاندا هەن، تەنها ئەندامەکانی خۆشیان بە تەواوەتی هۆشیار بونایە بەرامبەر بە دۆزی ژن، ئەوا ئێستا زۆر لەپێشتر بوین.

ئەو هەوڵ و هەنگاوانەی لە ڕابردوودا بەناوی هۆشیارکردنەوەی ژنەوە نراون، ئەوەندەی ڕۆحیەتی ڕق و تۆڵە سەندنەوەو سەنگەر گرتنی بەرامبەر بە پیاو بەرهەمهێناوە، نیو هێندە لێک تێگەیشتن و یەکتر قبوڵ کردنی لەنێوان ژن و پیاودا نەخوڵقاندووە.

سکاڵاکردنی ژن ئەگەر لە هۆشیاریشیەوە سەرچاوە بگرێت، لە کۆمەڵگەیەکی ناهۆشیاردا تەرازوویەکی لاسەنگ دروستدەکات، جگە لە کوشتن و سەرگەردان بوونی خودی ژنەکەو درێژەدان بە چیرۆکە تراژیدیەکانی ڕابردوو هیچی تری لێ بەرهەم نایەت.

هەڵکشانی ڕێژەی توندو تیژی و ڕوونکردنەوەیەکی کورت!

■ فریاد هیدایەت

هەنگاوی سەرەکی پەرلەمان و حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان لەهەرێمی کوردستان ، دەرکردنی یاسای ژمارە (٨ ساڵی ٢٠١١) ی بەرەنگاربونەوەی توندوتژی خێزانی لەهەرێمی کوردستان و پاشان کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی و نوسینگەکان ی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بوو.

> حاڵەت و توندوتیژیە قورسەکانی وەکو کوشتن و سوتاندن کەمیکردووە .

> هەڵکشانی ڕێژەی سکاڵاکان دەرئەنجامی هۆشیاربوونەوەی خەڵکە بەرانبەر مافەکانیان

لەکاتی کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی و نوسینگەکانی تایبەت بەبەرەنگاربونەوەی توندوتیژی، کە ئەرکیان لێکۆڵینەوەکردنە لەدۆسیەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان و کچان ، بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و تەنانەت هاوڵاتیانیش گەشبین بوون، بەوەی چیتر حاڵەتەکانی توندوتیژی بنەبڕ دەبن یان بەتەواوەتی کەم دەبنەوە، بەڵام تێڕوانینی ئێمە بۆ مەسەلەکە جیاواز تربووە .

لەماوەی شەش مانگی یەکەمی سەرەتای ئەمساڵ دا، بەراورد بەشەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو ، ڕێژەی سکاڵا تۆمارکردنی ژنان ڕووی لە زیادبوون کردووە ، هەرچەندە ڕێژەی حاڵەت و توندوتیژیە قورسەکانی وەکو کوشتن و سوتاندن کەمیکردووە.

بۆ نمونە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦ دا نزیکەی (٧٠) سکاڵا لەلایەن ژنانەوە تۆمارکراون ، بەڵام لەشەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا سکاڵا تۆمارکردن بۆ (٨٠) دۆسیە بەرز بووەتەوە، بەشێوەیەک لەساڵی ڕابردوودا حاڵەکانی (سوتان ٧٪، خۆسوتان ١٪ ، کوشتن ٣٪ ، خۆکوشتن ١٪ ، هەوڵدان بۆ خۆکوشتن ١٪ ، دەستدرێژی سێکسی ١٪ ، سکاڵای جۆراو جۆر ٨٦٪) ، بەڵام لەمساڵدا ڕێژەکە بەم شێوەیە بووە (سوتان ٤٪ ، خۆسوتان ٢٪ ، هەرچی حاڵەتەکانی کوشتن و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن و دەستدرێژی سێکسی هەیە تۆمارنەکراون ، هەروەها ٩٣٪ سکاڵای جۆراو جۆر هەبووە.

لەڕوانگەی ئەو ئامارانەوە بۆمان دەردەکەوێت حاڵەتەکانی تاوانی قورس دژ بەژنان کەمیکردووە یان ڕوویان نەداوە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو ، بەڵام ڕێژەی سکاڵا تۆمارکردن زیادیکردووە ، ئەوەش چەندین هۆکاری هەیە کە لای خوارەوە دێمە سەری ، لەوانە :

١.هۆشیاربوونەوەی هاوڵاتیان بەتایبەت ژنان، کە لەبەرانبەر پیشێلکردنی مافەکانیان بێدەنگ نابن و پەنا بۆ سکاڵا تۆمارکردن دەبەن.

٢. پەیداکردنی متمانە لەلایەن ژنانەوە بە بەڕێوەبەرایەتی و نوسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەرجەم ناوچەکان بەوەی کە کاری جدی دەکەن ، بەتایبەت لەقەزای کفری.

٣.هاتنی ڕێژەیەکی زۆر ئاوارەی عەرەب بۆ هەرێم و بەریەککەوتن و تێکەڵبوونیان بەهۆی ژن و ژن خوازیەوە، لەکاتێکدا لەڕووی کلتور و زمان و داب و نەریتەوە جیاوازن بووەتە هۆی زیاد بوونی سکاڵاکان.

کەواتە هەڵکشانی ڕێژەی سکاڵاکان دەرئەنجامی کەمتەرخەمی نوسینگە و بەڕێوەبەرایەتیەکان نیە، بەڵکو دەرئەنجامی هۆشیاربوونەوەی خەڵکە بەرانبەر مافەکانیان، هەروەها پەیدا کردنی متمانەیە بەنوسینگە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی.

١٠ پرسیار لەبارەی پەردەی کچێنییەوە

■ نەوژین

پەردەی کچێنی، ئەگەرچی بەشێکی بچوکی پێکهاتەی کۆئەندامی زاوزێی ژنانە، بەڵام بەکاریگەریی باکگراوەندە کۆمەڵایەتییەکە، وەکو ترس و مۆتەکەیەکی لێهاتوە بۆ کچان، بەتایبەتی کە ئاستی پاکی و ناپاکی کچ بەو بەشە بچوکە دیاریی دەکرێت.

زۆر وتراوەو زۆر دەوترێت لەبارەی پەردەی کچێنییەوە، بەڵام ئێمە دیارترین ئەو ١٠ پرسیارەی کە لەبارەی پەردەی کچێنی هەیە، لەم راپۆرتەدا کۆمان کردوەتەوە و دەیخەینە پێش چاوی خوێنەران.

١. پەردەی کچێنی چییە؟
پەردەی کچێنی بریتییە لە توێژاڵێک پێستی تەنک، کە لە دەرەچەی سەرەتای مناڵدان دایە، بەقوڵی ٢ سم لە ڕێڕەوی مناڵدان. پەردەی کچێنی جیاواز و جۆراوجۆرەو بۆ هەمو کچێک یەک شێوە نییە.
٢. ئایا هەمو کچێک پەردەی کچێنی هەیە؟
بەگشتی کچان پەردەیان هەیە بەڵام جۆراوجۆر و جیاوازن، چ لە روی قەبارەو شێوەوە چ لە روی ئەستوریی و ناسکیی، واتا جۆری پەردەکان لەکچێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە.
٣. ئایا پەردەی کچێنی تاکە بەڵگەیە لەسەر پاکیزەیی کچ؟
نەخێر، سەلامەتی پەردەی کچێنی بە پاکیزەیی بەراورد ناکرێت، چونکە پاکیزەیی بریتییە لە ئەنجام نەدانی پرۆسەی سەرجێی کردن «سێکس» بەهەمو شێوەیەک لەگەڵ بەرامبەردا، بەڵام پەردەی کچێنی بەشێکە کە دەشێت بەهۆکاری دیکەی جگە لە سەرجێی توشی روشان یاخود نەمان بێت، وەکو وەرزش کردن. بۆیە پەردە پێوەر نییە بۆ پاکیزەیی.
٤. جیاوازیی جۆرەکانی پەردەی کچێنی چیە؟
هەندێک جۆری پەردە هەیە کە لاستیکی «مەتاتی=مگاگی»یە کە دەتوانێت بکشێت و دواتر بێتەوە سەر شێوەی پێشوی، بەڵام جۆری تریش هەیە کە بە بەرکەوتن و کاریگەری دەرەکی توشی دڕان دەبێت و وەکو پێشوی لێنایەتەوە. زۆربەی پەردەکانیش لەکاتی پرۆسەی سەرجێیکردن لادەچن، بەڵام هەشە ئەستور ترەو دەمێنێتەوە.
٥. لەکاتی سەرجێی کردن دا پیاو هەست بە بون یان نەبونی پەردەی کچێنی بەرامبەرەکەی دەکات؟
نەخێر، پیاو هەست بە بون یان نەبونی پەردەی کچێنی بەرامبەر ناکات لەکاتی سەرجێی کردن دا، بەڵکو هەندێکجار هەست بە تەسکبونەوەی ماسولکەکانی مناڵدان دەکات کەهەندێک وادەزانن ئەوە پەردەی کچێنییە. هەربۆیە پیاو ناتوانێت بڕیار بدات کە بەرامبەرەکەی پەردەی لەدەستداوە یان نا.
٦. ئایا پێویست دەکات بۆ زانینی پاکیزەییم سەردانی پزیشک بکەم؟
پاکیزەیی واتا ئەنجام نەدانی پرۆسەی سەرجێیکردن لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بەتەواویی، بۆیە ئەگەر ئەو کارەت ئەنجام نەدابێت ئەوا دەتوانیت خۆت بەپاکیزە دابنێیت. تەنانەت هەر کچێکیش پەردەی نەبێت هەر بە پاکیزە هەژمار دەکرێت ئەگەر پرۆسەی سەرجێیی کردنی ئەنجام نەدابێت، چونکە وەک ئاماژەمان بۆ کرد پەردەی کچێنی جۆری جیاوازی هەیەو هەروەک دەشێت بەهۆی کاریگەری هۆکاری دەرەکیەوە روبەروی فەوتان ببێتەوە.
٧. ئایا پەردەی کچێنی روپۆشێکی سەرداپۆشراوی داخراوە؟
نەخێر، زۆرێک وادەبینن کە پەردەی کچێنی وەکو روپۆشێکە کە مناڵدانی داپۆشیوە بەتەواوی، وەکو چۆن سەری دەفر دەفرەکە دادەپۆشێت، بەڵام ئەم بۆچونە هەڵەو ناڕاستە، چونکە لە پەردەدا کەلێن و بۆشایی هەیە بۆ ئەوەی رێگە بە رۆشتنە دەرەوەی خوێنی سوڕی مانگانە بدات.
٨. ئایا دەشێت پەردەی کچێنی دوای نەمانی دروست ببێتەوە یان بەشەکانی لەیەک بداتەوەو یەک بگرێت؟
نەخێر، پەردەی کچێنی جارێکی دیکە دروست نابێتەوە، بەتایبەتی پاش لەدایکبونی یەکەم مناڵ و دوای تێپەڕینی کۆرپەلەکە بە ڕێڕەوی مناڵدان دا، پەردەکان بەتەواوی نامێنن.
٩. ئایا راستە کە بەهۆی وەرزشەوە پەردەی کچێنی لەدەست دەدەیت؟
هەموجارێک نا، بەڵکو هەندێکجار بەهۆی هەندێک جۆری وەرزشەوە یان روداوێکی بەرکەوتنەوە یان کەوتنەوە کە فشار بخاتە سەر مناڵدان، رەنگە پەردەی کچێنی لەدەست بدەیت.
١٠. ئایا خوێنبەربونی شەوی بوکێنی، بەڵگەیە بۆ پاکیزەیی کچ و بونی پەردە؟
نەخێر، توێژینەوەکان سەلماندویانە کە مەرج نیە خوێنبەربونی شەوی بوکێنی مانای پاکیزەیی بدات، یاخود ئەگەر کچێک لەو شەوەدا توشی خوێنبەربون نەبو بەمانای ئەوە بێت پاکیزە نییە، بەڵکو ئەو کارە کەوتوەتە سەر جۆری مناڵدانی کچەکە و جۆری سەرجێی کردنەکە.
بەگشتیش واباوە لە کۆمەڵگەی خۆماندا کە یەکەم پرۆسەی سەرجێیی کردن قورس و بەئازارە، ئەمەش پەیوەندی بە بون یان نەبونی پەردەوە نییە، بەڵکو مەسەلەکە پەیوەندی بەو فشار و دڵەراوکێ دەرونییەوە هەیە کەلەسەر هاوسەرەکانە، هەروەک بەشێکی ئەو ئازارانەش پەیوەندی هەیە بە شێدارنەبونی ڕێڕەوی مناڵدان ئەویش بەهۆی خۆ ئامادەنەکردنی پێویستی هاوسەرەکان و نەوروژانی ژنەکە.

سەرچاوە: www.Imarabic.com

ئەوەی لەبارەی کوتانەوە نەتزانیوە

■ نەوژین

کوتانەکان بە بەکارهێنانی بڕێکی کەم لە بەکتریا یان ڤایرۆسی نەخۆشییەکی دیاری کراودروست دەکرێن. دوای ئەوەی بەکتریا یان ڤایرۆسەکە لاواز دەکرێن یان دەکوژرێن پاشان دەدرێن بە هاوڵاتییان.

دەکرێت لە تاقیگەدا پرۆتین دروست بکرێت کە پێکهاتەکەی لە پرۆتینی بەکتریا دەچێت پاشان بدرێت بە هاوڵاتیان، ئەمەش ڕێگایەکی تری دروستکردنی کوتانە. سیستمی بەرگریی لەشی مرۆڤ دوای وەرگرتنی کوتان، دژی ئەو نەخۆشییەچالاک دەبێت، بە جۆرێک ئەگەر لە داهاتودا بەکتریا یان ڤایرۆسی هەمان نەخۆشی بچێتە لەشی مرۆڤەکەوە، هەر بە زویی لەناو دەبرێت. بەم شێوەیە کوتان دەتوانێت ڕێگر بێت لە توشبونی نەخۆشی یان کەم کردنەوەی توندیی نەخۆشی.
بۆچی لە تەمەنی منداڵیدا دەکوترێین؟
ئەو کوتانانەی بە منداڵی وەری دەگرین لە تەمەنێکی بچوکدا دژی کۆمەڵێک نەخۆشین کە توشی منداڵ دەبن و ئەکرێتدەرئەنجامی ئەم نەخۆشییانە زۆر مەترسیدار بێت لە حاڵەتی توشبوندا. لەبەر ئەوە کوتانی منداڵ زۆر گرنگە و دواخستنیان کارێکی مەترسیدارە.
ئەو حاڵەتانە چین کە توشی منداڵەکەم دەبن دوای وەرگرتنی کوتان؟
سودەکانی کوتان زۆر زیاترن لەو کاریگەرییە لاوەکییانەی کە دەکرێت توشی هەندێک منداڵ ببێت. باوترین ئەو کاریگەرییە لاوەکییانە بریتین لە:
١. ئازار و سوربونەوە لە شوێنی دەرزی لێدانەکە.
٢. بەرزیی تا بە ڕادەیەکی کەم.
ئەم جۆرە کاریگەرییە لاوەکیاینە زۆرجار دوای چەند ڕۆژێک خۆیان نامێنن.
لە هەندێک حاڵەتی زۆر دەگمەندا، دەکرێت تا زۆر بەرز ببێتەوە. ئەمە زیان بە منداڵەکە ناگەیەنێت بەڵام بێزاری دەکات. هەندێک منداڵ توشی هەستیاری (حساسیەت)ی توند دەبن ڕاستەوخۆ دوای وەرگرتنی کوتانەکە. ئەگەر منداڵەکەت توشی هەر جۆرە هەستیارییەک (حساسیەت) بو، ئەوا دەبێت بە پزیشکەکە بوترێت.

هەندێک تێبینیی گرنگ دەربارەی کوتان:
- هەندێک کوتان تەنها دەبێت یەک جار وەربگیرێت. هەندێکی تر پێویستی بە چەند جارێکی تر کوتان دەبێت تاکو بەرگریی لەش بەردەوام چالاک بێت و منداڵەکەت بۆ ماوەیەکیزۆر پارێزراو بێت.
- کوتان (٪٩٠ تاکو ٪١٠٠) دەتوانن ڕێگربن لە توشبونی نەخۆشی.
- هەندێک کەس پرسیار دەکەن، دەڵێن بۆچی منداڵەکەم بکوتم دژی نەخۆشییەک کە لەناو خەڵکدا نەماوە؟ پێویستە هەمو کوتانەکان لە کاتی خۆی دا وەربگیرێت بەو خشتەیەی کە دانراوە، چونکە کوتانی هاوڵاتییانە کە ڕێگرە لە سەرهەڵدانی ئەو نەخۆشییانە.
- کوتان نابێتە هۆی توشبونی نەخۆشیی ئۆتیزم.
- توشبونی ڕاستەوخۆی منداڵ بە هەندێک نەخۆشی لەوانەیە زیاتر ڕێگر بێت لە توشبونی هەمان نەخۆشی لە داهاتودا، ئەگەر بە کوتانبەراورد بکرێت. بەڵام ئەمە منداڵ ڕوبەڕوی هەمو مەترسییەکانی نەخۆشییەکە دەکاتەوە. وەکو توشبون بە هەوکردنی سییەکان، دوای توشبون بە نەخۆشیی دڕکە و مێکوتە.

ئا: کەرتی تەندروستی ڕێکخراوی هۆرایزن ریلیف



بەردی گورچیلە چییە؟

■ نەوژین،
سۆزان خەلیل- ڕۆژان عەزیز

ئاسۆ عزەت هەورامی
دکتۆر لە نەخۆشی گورچیلەو میز و میزەڕۆ

بەردی گورچیلە چییە؟
بەردی گورچیلە لە پیاوان و لە ئافرەتان دروست دەبێت.
ئایا خواردن کاریگەری لەسەری هەیە؟
خواردن کاریگەری هەیە وەک (گۆشتی سور ، خوێی وشک بکرێت بە خۆراک) و مادە گازیەکان وەک (پیپسی) و ئەوانی تر.
ئایا ئافرەتان زیاتر توش ئەبن یان پیاوان؟
ئافرەتان زیاتر توش دەبن لەبەر ئەوەی زیاتر توشی التهاب دەبن.
ئایا بۆماوەی کاریگەری لەسەری هەیە؟
بەڵێ بۆماوەی کاریگەری هەیە گەر کەسە نزیکەکانی بەردیان هەبێت ئەوا پێویستە پشکنین بکات بۆ ئەوەی بزانێت بەردی هەیە یان نا ئەگەر زیاتر لە جارێک ئەلتهابی دوبارە بوەوە ئەوکاتە ئەگەری زۆرە کە ئەویش بەردی هەبێت و ئەبێت پێشی لێ لێبگیرێت و نەهێڵدرێت بەردەکە دروست ببێت ، هۆکاری دیکە لەسەر بەردی گورچیلە ئەگەر التهابی بەرزبێت یان گیران لە بۆری میز یان میزڵدانی یان بۆماوەیە هەر لە منداڵیەوە جۆرێکی تایبەتی خۆی یان کەم کە پێیشی ئەڵێن (سستین) .
ئایا چارەسەر بۆ بەردی گورچیلە هەیە؟
بۆ چارەسەر پشت ئەبەستین بە هۆکارەکان هۆکارێکیان قەبارەکەی و شوێنەکەی لە کوێیە و ئایا لە بۆری دایە یان لە گورچیلە یان میزڵدان یان بۆری میزی خوارەوە یان التهابی لەگەڵ بێت.
ئەگەر بەردەکان بچوکبێت ئەتوانرێت چارەسەری پێ بدرێت و بتوێتەوە وە چارەی التهابەکەش بکرێت ، ئەگەر قەبارەی بەردەکە یەک سانتیمەتر یان دوو سانتیمەتر ئەتوانرێت بەڕێگەی لیزەر بشکێندرێت ئەگەر لە دوو سانتیمەتر گەورەتربوو ئەوا بەڕێگەی نەشتەرگەری دەکرێت یان بەڕێگەی نازور یان کون کردن لە تەنیشت کەلەکەی یان (فەتح) کردن وە ئەم جۆرە زیار باوی نەماوە

٧ ڕێگا بۆ ئەوەی شیک پۆش بیت

■ نەوژین، سێوە محەمەد

جوان پۆشی لەشوێنی کارکردن یان لە نێوان ،خێزان و دۆست و هاورێیان،ئەمانە شتگەلیکن کە زۆریک لە خانمان وێڵن بەدوایدا بەڵام ئایا نهێنیەک هەیە بۆ ئەوەی شیک پۆش بیت؟شیک پۆشی کۆمەڵێک بنەمای خۆی هەیە کە توێژەرانی جوان پۆشی حەوت رازیان بۆ جوان پۆشی دەست نیشان کردوە ئەمانەن:

١.بەرنامەدانان:
هەربەو شێوەیەی کە زۆرێک لەکەسەکان بەرنامەی تایبەتی خواردنیان بۆ خۆیان هەیە، گەر دەتەوێ شـیک پۆش جوان دەرکەویـت ، ئەبێـت بەرنامەیەکـی تایبەتی دیاریکراوی هەفتانەت هەبێت بۆ جلو بەرگت دەبێت بزانیت لە ڕۆژی شەمە تا پێنج شەمە لەشوێنی کارکردن چی لەبەر دەکەیت و لە کۆتای هەفتە و لە نێوان کۆرو کۆبونەوەی دۆستەکانت و هاورێیانت چی لەبەر ئەکەی.

٢.چاو لەخانمە جوان پۆشەکان بکە:
بۆ ئەمەیان ئەوە کافییە تەنها سەرێک لە ئینتەرنیـت بدەیت و بەدوای خانمە جوان پۆشەکاندا بگەرێت، ببینە ئەوان چ جۆرە جلو بەرگێک لەبەر دەکەن.

٣.زۆر خۆتان قەلەق مەکەن:
گەر لەو دەستە کەسانەن کە بۆ هەموو شوێن جێگایەک جلی رەسمی ئەپۆشن ، ئەوە ئامۆژگاری شارەزایان ئەوەیە کە پانتۆڵی کابۆو جلی پۆرتیش هەڵبژێرەو لەبەری بکە ، چونکە جوان پۆشـی و شـیک بوون تەنها بە جلی رەسمەیەوە بە دەست نایەت .

٤.سوراوی سور بەکار بێنن:
بەکارهینانی سـوراوی سور ڕەونەقێکی جوانتر بە روخساری خانمان ئەبەخشێ خۆی لـە خۆیدا ڕەنگی سـور گەرمە نیشـانەی عیشـقە ، بـە بـۆ چونی شارەزایان ڕەنگی سو لەسەر روخساری خانمان هـەرا ئەنێتەوە ، هەوڵبدەن لە هەفتەیەکدا لانی کەم دووجار سوراوی سور بەکار بێنیت.

٥.ئیکسسواراتی گونجاو بەکار بێنن:
بەلایەنی کەمەوە یەک ئیکسوارات بەکار بێنـن بۆ نمونە یەک دەسـت بەند یان جوتێک گوارە یان ملوانکەیەک ،بەڵام لە بەکار هێنانی زێڕ زیادەڕەوی مەکەن.

٦.تەرکیـز بخەنـە سـەر جلوبەرگە سەرەکییەکان :
یەکێـک لە هۆکارەکانی جوان پۆشـی کە زۆرێـک لە هونەرمەندو ئەکتەرەکان تیشـکی زۆری ئەخەنـە سـەر جلـو بەرگـە سـەرەکییەکانە وەک مانتـۆ ،پانتـۆڵ ،چاکەت عەزییـەی دەرچون و ئاهەنگەکان، تەرکیز لەسـەر ئەمانە بکەن و پارەی باشی بۆ تەرخان بکەن ، تەرخانکردنـی پارەیەکـی زۆر بـۆ کرینی موجەوهرات و سـێتی ئاڵتوون کە رۆڵێکی کەمی هەیە لەسەر شێوازو جـوان دەرکەوتنـی خانمـان ، ئەمە هەڵەیەکە کە زۆرێک لە خانمان توشی بوون .

٧.پێڵاوی ڕەنگاو ڕەنگ لەپێ بکەن :
راسـتە رەنگە هەندێک جار زۆرێک لە تۆێژەرانی جوانپۆشی پێشنیاری پێڵاوی رەش یـان قاوایمـان بۆ بکـەن وەک هۆیەک لـە هۆیەکانی جوان پۆشـی، بەڵام مەرج نییە هەمیشـە لەسەر ئەو یاسـایانە هەنگاو بنێین کـە توێژەران دەسنیشـانیان کردوە بۆ ئەوەی جوان پـۆش و شـیک دەرکەوین،هەروەهـا بەکارهێنانـی کالەی رەنـگاو رەنگ و پانتۆڵی کابـۆ جوانییەکی بێ هاوتا بە کەسەکان دەدات واتان لێ ئەکات شیک و جوان دەرکەون.

چوار تێکەڵەی سروشتی زیان بە پێست دەگەیەنن لێیان دورکەوە

■ نەوژین، بێریڤان نەجات

تێکەڵە سروشتیەکان، لەزۆربەی سایتە ئەلیکترۆنیەکان تێکەڵەی سبیکردنەوەی دەم وچاو دەبینرێت، ماسک بۆ رونکردنەوەی پێست، دەرمانی چارەسەری پێست، رێگای چارەسەری وشک هەلهاتن، رێگای سروشتی بۆ رزگاربوون لە زیپکەی رەش... هتد، بەڵام بیرت کردوتەوە کەچەندین تیکەڵە هەیە پێست توشی داروخان دەکەن، وەهەروەها چەندین لایەنی خراپ و کاریگەریان هەیە؟

١.ماسکی سپێنەی هێلکە بو راکێشانی دەم وچاو زیانبەخشە:
کەسـانێکی زور بەتایبـەت ئافرەتان وای دادەنێن سـپێنەی هێلکە سود بە پێسـت دەگەیەنێـت، چونکە پێسـت توشی راکیشـان دەکات، بۆیە زوربەی ئافرەتان ئەم ماسـکە بەکاردەهێنن بۆ راکێشانی پێسـتیان، بەڵام لەراستیدا هیچ بەڵگەیەکی بـاوەر پێکراو نیە بو دەرخسـتنی ئەو راستیە، هیچ کومانی تیدا نیە دوای بەکارهێنانی ئەم ماسکە پێست توشی گرژبونەوە دەبێت، بەلام دوای شوشتنی پێست دەگەرێتەوە باری ئاسای خۆی پێش بەکارهینانی.

٢. بەکارنەهێنانـی خەیـار بـو ئـەو کەسانەی خاوەن پێستێکی هەستیارن:
لەتـی خەیـار یەکێکـە لەماسـکە ناودارەکانی نیـو ئافرەتان، یەکێک لە بەکارهێنانەکانی ئەوەیە بەکاردەهێنریت بو لابردنی رەشی دەوروبەری چاو، بەڵام ئەوەی دەربارەی ئەم ماسـکە نایزانین ئەوەیە کەبرێکی زور کەم ڤیتامین (C)، ئوکسید، ڤیتامین (A)، وڤیتامین (E) تیدایە، وەلەگـەڵ زیادبونی هەوکردن، بەتایبـەت ئەگـەر خاوەن پێسـتێکی هەستیار بیت.

٣. بەکارنەهێنانـی دەرمانـی ددان بو لابردن زیپکەی گەنجان (حب الشباب)
لەگـەڵ ئـەوەی بەکاردەهێنریـت بوپاککردنـەوەی ددان، هەندیـک لـە ئافرەتان دەرمانـی ددان بەکاردەهێنن بۆ پاککردنەوەی زیپکە، وە رەنگە ئەم چارەسەری سروشتیەی ماڵەوە کارەکە زۆر خراپتر بکات لەپێشـوو، وەدەبێتە هۆی هەوکردنی زیپکەکە.

٤. زیانەکانـی بەکارهێنانی ئاوی لیمۆ بۆ رونکردنەوەی پێست:
هەرچەنـدە لیمـۆ پێکدێت لە ترشـی سـتریک و ڤیتامیـن (C)، کـە دوو پێکهاتەی سـەرەکین بـۆ دیاریکردنی رەنگی پێسـت، زۆر زیانبەخشە ئەگەر راستەوخۆ بەکاربهێنریت بۆ دەم وچاو، لەبەر ئەوەی هەسـتیاری پێسـت زیاد دەکات لەبەر هەتـاو ودەگاتە حاڵەتی سوتانی پێست، جگە لەمانەش، ڤیتامین (C) بەکاربێنە بۆ رونکردنەوەی پێست و کەمکردنـەوەی پەڵـەی قاوەی، یان بەکارهێنانی چینێکی هەنگوین بۆ دەم وچاو بەمەرجێ سـارد نەبێت، ئەمەش دەتوانیت رەنگی پێست جوانتر بکات.

ڕەوشەن بەدرخان

■ نەوژین، شاران بەرزنجی

ئەم خاتوونە لە ساڵی ١٩٠٩ چاوی بە دونیا هەڵهێناوە، کچی (ساڵەح بەدرخان)بووە، باوکی برای (بەدرخان پاشای گەورەی میری بۆتان) بووە،هەر لە بەر ئەوەی کچە میر بووە، نازناوی بەدرخانی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

ئەم خاتوونە جگە لـە زمانی کوردی، زمانی عەرەبی و تورکیشـی بە باشـی زانیووە، شارەزایی لە زمانی فەڕەنسی و ئنگلیزی و ئەڵمانیشدا هەبووە.
لە بواری دانان و وەرگێڕانیشـدا سـێ پەرتوکی بە زمانی عەرەبی نوسیووە و بە چاپیشی گەیاندوون.
کاتێـک تورکـە عوسـمانیەکان، بەدرخانیەکانیان لە تورکیا دورخستەوە، باوکی ناچار بوو بەخاوخێزانەوە بچێتە شـاری دیمەشـق و لەوێ نیشـتەجێ بێت.
(ڕەوشـەن خان)یـش هـەر لـە قوتابخانەکانی دیمەشق خوێندوویەتی و پەیمانگای مامۆستایانی تەواو کردووە و بووە بە مامۆستا لە پەیمانگای کچان.
لە سـاڵی ١٩٣٥ مێردی بە (جەلادەت بەدرخـان) کردووە تـا ماوەیەکی زۆر بە تەبایی و شـادی لەگەڵ یەک بوون بەڵام لە سـاڵی ١٩٥١ دا (جەلادەت)ی هاوسەری کۆچی دوایی کردووە.
دوای مردنی (جەلادەت)، (ڕەوشـەن بەدرخان) دەوری نیشتیمانی مێردەکەی بینیووە، گەلێک هەڵوێسـتی نەتەوەیی دیاری نواندووە، لەوانەش ساڵی ١٩٥٧ بووەتـە نوێنـەری میللەتی کـورد لە کۆنگـرەی «دژی ئیمپریالیزم» کە لە وولاتی یۆنان بەسترا، هەرچەندە شەش کورسی بۆ نوێنەرانی کورد تەرخان کرا بوون، کەچی لەبەر رێ لێگرتنیان تەنیا ئەم وەک نوێنەری هەموو کوردسـتان و وەکو خاتوونێکـی خەباتگێڕی کورد لـە کۆبوونەوەکانی ئـەو کۆنگرەیەدا بەشداری کردووە.
بە توندی دژی ئیمپریالیزم و دابەشکردنی کوردستان دواوە و داوای مافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردی کـردووە، هەرچەندە لەلایەن تورک و عەرەبە شۆڤینیەکانەوە هێرشی براوەتە سەر ، بەڵام (ڕەوشەن خان) هەر لەسەر داوا و مافەکانی کورد بەردەوام بـووە و داخوازی نەتەوەکەی خۆی پێشکەش بە کۆنگرەکە کردووە.
ئـەم خاتوونـە لـە سـاڵی ١٩٩٢ بەیەکجـاری ماڵئاوایی کـرد و بەرەو دونیای نەمران چوو.

بەشەوان چالاکی ئەنجام دەدەن

گروپی کیژانی یارانی مێخەک سەنگەر لە بەربەستەکانی بەردەم ژنان دەگرن

■ نەوژین، ئاراز زۆراب

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ چالاکی و تێکەڵبوونی ژنان بە چالاکیە هونەری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان لەزیاد بووندایە، بەشێوەیەک بەشەوانیش چالاکی ئەنجام دەدەن و پێشانگا دەکەنەوە.

شەوی ١٩ ی ڕەمەزان گروپی کیژانی یارانی مێخەک ، کە لەگروپێک کژی دەسترەنگین و بەهرەمەند پێکهاتووە، لەنێو یانەی ڕۆشنبیری کەلاردا پێشانگایەکیان کردەوە و تێیدا کارە دەستیەکانیان خستەڕوو بۆ ئەوەی لەلایەن ئارەزومەندانی کاری دەستیەوە لێیان بکردرێت.

زۆربەی کارە دەستیەکانی گروپی یارانی مێخەک بە مور و زەنگیانە و مێخەک دروستکرابوو ، کە بەوتەی خۆیان کار بۆ بڵاوکردنەوەی بۆن و بەرامی مێخەک و زیندوو کردنەوەی ئەو کلتورە دەکەن لەڕێگەی ئەنجامدانی کاری دەستی یەوە.

ئەمیرە عەزیز، ئەندامی گروپی یارانی مێخەک و بەشداربوویەکی پێشانگاکەی نێو یانەی ڕۆشنبیری بوو، ئامارەی بەوەکرد ئامانجی ئەوان لەهەڵبژاردنی شەو بۆ نمایشکردنی کارە دەستیەکانیان، ئەوەیە کە بەهۆی مانگی ڕەمەزان و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لەڕۆژدا ، خەڵک زیاتر بەشەوان ڕوو لەبازار دەکەن.

دەربارەی ئامانجیان لەکردنەوەی پێشانگاکە، ئەمیرە بەنەوژین ی وت:«دەمانەوێت کارە دەستیەکانمان بفرۆشین تا لەداهاتوودا کاری باشتر بکەین .»

وتیشی:«دەشمانەوێت کلتوری مێخەک زیندوو بکەینەوە ، تا بۆن و بەرامی لەنێومان دا بمێنێت.»

گروپی یارانی مێخەک ، لەژمارەیەک کچی دەسترەنگین و بەهرەمەند پێکهاتووە، هەماهەنگی لەنێوانیان دا هەیە بۆ ئەنجامدانی چالاکی هونەری و زۆرجار پێکەوە پێشانگا دەکەنەوە.

دەمانەوێت کلتوری مێخەک زیندوو بکەینەوە تا بۆن و بەرامی لەنێومان دا بمێنێت

ئەڤین عەلی، کچە شێوەکارێکی تری بەشداربووی پێشانگاکە بوو، بەنەوژین ی ڕاگەیاند:«ئەو کارە دەستیانەی لە پێشانگاکەدا نمایشکراون ، هەموویان کاری دەستی خۆیانن .»

وتیشی:«من حەز دەکەم بەمێخەک کاربکەم ، چونکە هەم بۆنی خۆشە و هەمیش بەشێکە لەکلتوری کۆنی کوردەواری .»

ئەڤین کە پێشتر لە سێ پێشانگای تردا بەشداربووە و کارە دەستیەکانی نمایشکردووە، وتی:«ڕاستە ئامانجمان لەکردنەوەی پێشانگاکان فرۆشتنی بەرهەمەکانمانە، بەڵام گرنگ لای ئێمە دەستخۆشی و بەپیرەوە هاتنی خەڵکە بۆ کارەکانمان.

ئەو کچە شێوەکارە ، داواشی لەکچان و ژنانی ماڵەوە کرد بە ئەنجامدانی کاری دەستی کاتە بەتاڵەکانیان پڕ بکەنەوە.

ئەو کارە دەستیانەی لە پێشانگای گروپی یارانی مێخەک دا نمایشکرابوون، لە تابلۆ و عەزیەی منداڵ و ئاوێنە و گۆزە و چەندین جۆر کاری دەستی تر پێکهاتبوون.

بەناز ئەحمەد، ئەندامێکی تری گروپی کیژانی یارانی مێخەکە و پێشتر بەشداربووە لە چوار پێشانگای تردا، دەڵێت:«سەرجەم ئەو کەرەستانەی لەپێشانگاکەدا نمایشم کردوون ، کاری دەستی خۆم بوون.»

ئەو وتیشی:«لەگەڵ ئەندامانی تری گروپی یارانی مێخەک دا ، لەڕێگەی فەیسبوکەوە هەماهەنگیمان هەیە و بۆهەر چالاکیەک یەکتری ئاگادار دەکەینەوە.»

لای خۆشیەوە جیهان محەمەد بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی کەلار و هاوکاری گروپی یارانی مێخەک، باسیلەوەکرد پێشتر چالاکیەکانی کچان بەشێوەی تاک بووە ، بەڵام دواتر توانیویانە ئەو کچانە لەگروپێکدا ڕێکبخەوە .

جیهان وتیشی:«دەمانەوێت لەڕێگەی کاری دەستیەوە ، ژنان و کچان لەسەر پێی خۆیان بوەستن و لەڕێگەی کۆمپانیاو سەنتەرەکانەوە بازار بۆ کارەکانیان پەیدا بکەین.»

کۆلێرا، ئەو نەخۆشیەی لەم وەرزەدا سەرهەڵدەداتەوە

کۆلێرا نەخۆشیەکی هەناویە و هۆکارەکەی بەکتریایە

■ نەوژین، سازان مستەفا

دام و دەزگا تەندروستیەکان لەم وەرزەدا ئامادەکاری دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی کۆلێرا ، کە خۆراک و ئاوی پیس بە سەرچاوەی توشبوون بەم نەخۆشیە دادەنرێت ، کەنەخۆشیەکی گوێزراوەیە و لەکەسی توشبوەوە بۆ کەسانی دەوروبەر دەگوێزرێتەوە.

لە سنوری ئیدارەی گەرمیان ئامادەکاری بۆ ڕوبەڕوبونەوەی نەخۆشی کۆلێرا دەکرێت و بڕیارە تەندروستی و لایەنە پەیوەندیدارەکان چاودێری ووردی خواردن و سەوزە و میوە بکەن بە تایبەت سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە و هەموو ڕێگەیەکی پێویست بگیرێتەبەر بۆ ڕوبەڕوبونەوەی مەترسییەکان، بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاردراوە بە پێکهێنانی لیژنەیەک لە فەرمانگە پەیوندیدارەکان.

کۆلێرا (Vibrio cholerea) نەخۆشیەکی درمە و بەکۆلێرای ئاسیا یان پەتای کۆلێرا ناسراوە ، نەخۆشیەکی هەناویە و هۆکارەکەی بەکتریایە، کە لەئاوی پیس یان خۆراکی نەکوڵێنراو یان لەکەسی توشبوەوە بۆ کەسێکی تر دەگوێزرێتەوە.

نەخۆشی کۆلێرا توشی هەموو کەسێک دەبێت بەجیاوازی تەمەنەوە، ئەم نەخۆشیە کاردەکاتە سەر لینجە پەردە و ڕیخۆڵە باریکە و دەوری دەدات و ڕێگە لەهەڵمژینی خۆراک دەگرێت ، بەمەش کەسی نەخۆش توشی سکچونێکی توند دەبێت ، کەپیسیەکی شێوەی ئاوی برنج دەگرێت و زۆریش دەرشێتەوە.

کۆلێرا بەنەخۆشیەکی کوشندە هەژمارد دەکرێت و دەبێتە هۆی دابەزینی پەستانی خوێن و لەدەستدانی ڕێژەیەکی زۆر ئاوی جەستە ، تا دواجار گیان لەدەستدانی کەسی توشبووی لێدەکەوێتەوە ، گەر لەماوەی ٣ کاتژمێردا چارەسەری پێویستی بۆنەکرێت.

نەخۆشی کۆلێرا بەزۆری لەوڵاتانی ئەفریقا بەربڵاوە ، چونکە لەژینگەی ئەو وڵاتانەدا بەکتریای کۆلێرا بوونی هەیە و ڕێژەی مردنیش دەگاتە ٥٪ بەراورد بە ناوچەکانی تر کەدەگاتە ١٪.

چۆنیەتی خۆپاراستن لەنەخۆشی کۆلێرا بەم ڕێگایانەی خوارەوە دەبێت:

١. کوڵاندن و فلترکردن وکلۆرتێکردنی ئاو، ئەو بەکتریایە دەکوژێت کە دەردەدریت لە نەخۆشێکی کۆلێرە دارەوە.

٢.هەمو ئەو کەل وپەلانەی کە بەر نەخۆشەکە دەکەون دەبیت بە ئاوی کوڵاو پاک بکرینەوە .

٣.هەندیک لە خواردنی وەک تەماتە و لیمو و پرتەقاڵ وماست دەتوانن بەرگریەک دروست بکەن بەرامبەر بە نەخوشەکە .

٤.هەردوو دەستەکان پاک بشوردرێ بە ئاو وسابون کەهەمو دەستت بگرێتەوە ،نیوان پەنجەکان بو ماوەی چەن چرکەیەک.

٥.خواردنەکان بە جوانی بکوڵێنری.

٦.بەکارهینانی دەست سری پاک یان کلینسک بو وشککردنەوەی دەستەکان.

٧.ششتنی سەوزە بە ئاو و خوێ وچەن خولەکیک لە ئاو وخوێ بمێنێتەوە بو لەناو بردنی میکروبەکان.

٨.خواردنی ئاوی کوڵاو یان ئاوی فیلتەر یان ئاوی ناو بوتڵە حازرییەکان.